# چاپکراوی نوێ

بەم دواییە لە نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، (٣) کتێبی دکتۆر سیروان ئەحمەد قادر چاپ کراون و نووسەران پێیان ئاشنابوون، کتێبی یەکەم بە ناوونیشانی( گەشبینی لە ڕوانگەی ئیسلامدا )، نووسەر باس لە گەشبینی دەکات کە ڕووکردنە ژیانی دنیا بە ئومێدو هیواو گەیشتن بە ئاواتەکان بێ گوێ دانە ئەو بەربەستانەی دێنە ڕێتان لە ناخۆشی و نەهامەتی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و دۆزینەوەی تroوسکەی ڕوناکی لەناو ئەو هەموو ناخۆشیانەدا، بە پشت بەستن بەو بڕوا و گومان باشییەی کە بەو خودای تاك و تەنیایە کە هەموو جیهان و بوونەوەرەکان لەژێر تواناو دەسەڵاتیدایە. کتێبی دووەم (ئەو پەیامانەی ئاراستەی ژیانمان دەگۆڕن)، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگە موسڵمانان چیتر خۆیان بە شتە لاوەکییەکانەوە خەریك نەکەن، بەڵکو دەبێت ئەو کاتە بە نرخەیان لەپێناو سوودی دنیاو قیامەتیان سەرف بکەن، لە ڕووی خزمەت گەیاندن بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێ جیاوازی کردنی بیروباوەڕو هزرو مەزهەب و ڕەگەز و هەندێ شتی دیکە . کتێبی سێییەم( بنەماکانی خۆپارێزی لە نەخۆشی لە ڕوانگەی ئیسلام دا) نووسەر لەم کتێبدا باس لەوە دەکات کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەت بە تەندروستی و ساغ و سەلامەتیی جەستە دەستەبەر کردووە، بگرە زۆرێك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمووده دروستەکانی پێغەمبەر(دخ) بە رلە ١٤٤٠ساڵ ئاماژەی بە پاك و خاوێنی دەکەن، بە جۆرێك شتێك نەماوە باس لێوە نەکرابێت.

دکتۆر سیروان ئەحمەد قادر خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە دیراساتی ئیسلامی- پسپۆری ورد- فیقهی ئیسلامی، هەروەها چەندین ساڵ پێشنوێژو وتاربێژ بووە لە کەرکووك، جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. پیرۆزبایی لە نووسەر دەکەین و ئومێدی سەرکەوتن و داهێنانی بەردەوامی بۆ دەخوازین.







# پێنج بەرهەمی دانسقەی

## نووسەرو شاعیری ناسراو( نەژاد عەزیز سورمێ)

نووسەرو شاعیری ناسراو( نەژاد عەزیز سورمێ) پێنج بەرهەمی دانسقەی لە بەرگی قەشەنگ و بە دیزاینێکی ناوازەوە بەچاپ گەیاندوون و خوێنەرانی پێ ئاشنا کردوون، چواریان بە زمانی کوردین و یەکێکیشیان وەرگێڕانە بۆ زمانی عەرەبی، ئەم کتێبانە لە نێوان نووسین و شیعرو دیداری شیعری و ڕۆژنامەنووسی و هونەری کۆلاژو میدیای کوردیدا دابەش بوونە، ئەمەش ناو و ناوەڕۆکی کتێبەکانی نەژاد عەزیز سورمێیە.

* کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات - کۆمەڵە هۆنراوەیەکی بابەت جیاوازن، شاعیر کۆی کردوونەتەوە، هەندێ لە ناوونیشانەکانی بریتین لە( کچ و کوڕانی ڕێبەندان)و (گوڵی ئاگر... خەونی هەمیشەیی)و( کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات).


* هونەری کۆلاژ، مێژوو.. تەکنیك.. ئەزموون — گەڕانێکە بە نێو مێژووی سەرهەڵدانی هونەری کۆلاژ و تەکنیکی کارکردن و ئەزموونی خۆیەوە لەم بارەوە. پاشان هەڵبژاردەیەك لەو کارە کۆلاژیانەی کە نووسەر لە شەش پیشانگای تایبەتیدا لە نێوان ١٩٩٥ تا ٢٠١٧ نمایشی کردوون.

* دیدار لە بارەی شیعرو ڕۆژنامەنووسیی — ئەم کتێبە کۆکراوەی چەند دیدارێکی ڕۆژنامەنووسین لە کاتی جیاجیادا کە بە داوای ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لەگەڵیدا کراون، ئەو دەڵێت: باس لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە ڕەسەنەکان ناکەم کە بە میتۆدی زانستی و دروست و بەڵگەوەر و ئاکامگەرەوە دەنووسرێن، بە قەد ئەوەی ڕووم لەو نووسینانەیە هەوڵ دەدەن بە هێنانەوەو خۆهەڵواسین بە بۆچوون و بیروڕای دی ڕەوایی بە هی خۆیان دەدەن.

* میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا — لەم کتێبەدا سەرەتا باس لەوە دەکات کە هەموومان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی (کوردستان) یەکەمین ڕۆژنامەیە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کە لە دەرەوەی نیشتمان بڵاو کراوەتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ئەوەی بە بزاڤی ڕۆژنامەنووسی ناسراوە بە پلەی یەکەم لەسەر دەستی سیاسییەکان، یا ئەو ڕۆشنبیرانەی زیاتر کاری سیاسییان کردووە، دامەزراوەو بەڕێوە چووە. لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا ئاماژە بە دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی بیستراوو بینراوی کوردی دەکات، ئینجا میدیای کوردی دوای ڕاپەڕین، پرسیاری ئەوەش دەکات چی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان و ئاراستەی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا گۆڕا؟ جگە لە چەندین لایەنی دیکەی پەیوەست بە هەمان ناونیشانی کتێبەکە.

* وطن في حبة رمان — بریتییە لە کۆکراوەیەکی شیعریی وەرگێڕدراو ، کە وەرگێڕی بە توانا محەمەد حوسێن موهەندیس بە زمانێکی پاراوی عەرەبی سەرکەوتووانە لە کوردییەوە کردوویەتی بە عەرەبی. لە پێشەکیدا وەرگێڕ بە هۆنراوەیەك لە دانانی خۆی دیدگای خۆی دەخاتەڕوو، ئینجا دێتە سەر وەرگێڕانی یەکە بە یەکەی دێڕەکانی ئەم هۆنراوانە بۆ زمانی عەرەبی.. پیرۆزبایی لە نووسەر دەکەین و هیوای سەرکەوتن و داهێنانی زیاتری بۆ دەخوازین.. جێگەی باسە زۆربەی دیزانی بەرگەکانی ئەم کتێبانە خودی نووسەر و شاعیر ئەنجامی داون و ناوەڕۆکیشیان لەلایەن دیزاینەر کاروان محەمەد سینۆ جێبەجێکراوە.


نژاد عزيز سورمي
وطن في حبة رمان
قصائد كردية معاصرة
ترجمة وتقديم
محمد حسين المهندس


نەژاد عەزیز سورمی
دیدار لەبارەی
شیعر و ڕۆژنامەنووسیی


نەژاد عەزیز سورمی
میدیای کوردی
لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا
چاپی یەکەم 2020


نەژاد عەزیز سورمی
هونەری کۆلاژ
مێژوو .. تەکنیک .. ئەزموون


نەژاد عەزیز سورمی
کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات
چاپی یەکەم 2020




پ.د. شێرزاد نەجاڕ



## لە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی بێ سیستەمدا
## عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ دەچێت

مونا یوحەننا یەعقوب :




## سەرۆک بارزانی جەخت دەکاتەوە کە نابێت دیمۆگرافیای نیشتەجێی کریستیانەکان بگۆڕدرێت

خواجە خدیدە :



## ئایین بۆ خودایە و نیشتمان و خاک بۆ هەمووانە، ئامانجی سەرەکیی ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی پاراستنی ئەم بنەما پیرۆزەی پێکەوەژیانە

ڕەمەزان محەمەد ئامەد :



## کالکان سیاسەتێکی توندی گرتووەتەبەر کە بە زیانی گەلی کورد تەواو دەبێت


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی :




**مامۆستایانی ئایینی ڕێگایان نەدا هەناردەی هزری نامۆ و توندڕەویی و توندوتیژی بهێنرێتە ناو کۆمەڵگەی کوردستانەوە**



غەفوور مەخمووری :


**ئافرەتی کورد هەمیشە لە ئافرەتی نەتەوەکانی دی ئازادتر بووە**



ئیلیسا بۆ گوڵان:

**کەناڵە کوردییەکان هونەری کوردیان لە بیر کردووە**

**جۆری گۆڕاوی گامای کۆڤید ١٩ چییە؟**



**دەسکی گەیم بۆ گشت ئامێرێک**



میهرەبان جەلال :

**بەرنامەی سەرەکیم بەدەستهێنانی بڕوانامەی دادوەریی تۆپی پێیە**




بۆ مێژوو..
مەسعود بارزانی

# کتێبی «بۆ مێژوو»

## پەردەی سەر پرسی کوردی هەڵماڵی و خستیە بەردەم دادگای مێژوو



**پ. د. عەبدولفەتاح بۆتانی**
**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی- هەولێر**
بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەڤەری بارزان لە پای ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینە زۆرەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە خۆیەوە بینی، ناوبانگی لە دنیای سیاسەتدا دەنگی دایەوە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی یەکەمین کەس بوو لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤دا، لە پای سیاسەت لە سێدارە درا، وێڕای ئەوە بزووتنەوەی نیشتمانی لە دەڤەرەکەدا لە جووڵە نەکەوت، بەڵکوو بەردەوام بوو، ئێرەش جێی ڕوونکردنەوەی پاشخان و هۆی ئەو بەردەوامییە نییە، لە کتێبێکی خۆمدا زۆر بە درێژی باسی خودهۆکار و بابەتە هۆکارەکانیم کردوون.

ئاشکرایە، بەڕێز مەسعود بارزانی لە کاتی گونجاودا نەبێت، نە دەنووسێت و نە لێدوان دەدات، لە نووسینەکانیدا توانای ئەو لە سادەکردنی قسە و گوفتاردا زۆر ڕوون خۆی دەنوێنێت، سەرباری بەهێزیی بەهانە و پاساوی بۆ قەناعەتپێهێنانی ئەوانی دی. لە کتێبەکەیدا «بۆ مێژوو»، هەوڵی داوە وێنەی ئەو دۆخەی لە پێش و پاش ڕیفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧و کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئایندەی سیاسیی کوردستان بگوازێتەوە، بە بێ دەسکاری و تیۆریزەکردنی جارسانە، بەڵکوو زۆر بە چڕی و پوختی قسەی کردووە، ئەگەرچی هەر ڕووداوێکی ئەو هەلومەرجە لە بارەیدا هەیە ببێتە ناونیشانی کتێبێك بۆ خۆی، ئەو لە کتێبەکەدا جەخت دەکاتە سەر ڕابردوو، ئەمەش لە پێناو تێگەیشتن لە ئێستا و بەدیکردنی ئایندەدا، زۆر گرنگە.

بە ڕای من، هەر نووسەر، یان توێژەرێکی مێژوو بیەوێت لە بارەی بارزان و، بە تایبەت لە بارەی ئەم کتێبەوە بنووسێت، دەبێت کۆمەڵێك هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەچاو بکات، لەوانە:

یەکەم/ دانەری کتێبەکە ڕۆڵەی بنەماڵەیەکە سیاسەت و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییانەی کورد بووەتە پیشەیان.

دووەم/ دانەر ژێدەرێکی سەنگینە، چونکە بۆ خۆی بەڵگەنامەیەکی زیندووە، ئەو بە دیتن و بە بیستن شایەدحاڵە و لە دروستکردنی ڕووداوەکانیشدا بەشدارە، هاوسەردەمی هەموو ئەوانەیە کە لەسەری نووسیون و بڕێکی زۆر بەڵگەنامەشی لە لایە.

بەڕێز مەسعود بارزانی، لە کتێبەکەیدا «بۆ مێژوو»، دەیەوێت پەردە لەسەر گەلێك نهێنی و ڕووداو هەڵبماڵێت، کە مشتومڕیان لەسەرە و لەسەر بووە و دەخوازێت ئاشکرایان بکات، ئەو دەیەوێت، پاڵپشت بە ڕووداو و بەڵگەنامە و بەپێی ئەوەی خۆی کردوویەتی، یان تێیاندا شایەدە، بڵێت: بۆ مێژوو، ئا ئەمە بوو کە ڕووی دا، بۆ مێژوو ناونیشانێکی پڕ بە پێستە، تێیدا ئەشکی خۆی لە دنیای بێ بەر و پشتی سیاسەت دەخاتە ڕوو، کە تێیدا بەرژەوەندی بە شێوەیەکی سەرەکی نەك سۆز و بنەما، باڵادەستە.

«بۆ مێژوو» کتێبێکی قەبارە گەورەیە، چاپە کوردییەکە ١٣٤ لاپەڕەیە، بێ لە پاشکۆ و بەڵگەنامەی دەگمەن، کە کۆبەکۆ دەگاتە ٢٨٣ لاپەڕە، سەرباری نەخشە و وێنە.

دانەری ئەم کتێبە باسی ڕووداو و بوویەر و پرسی یەکجار گرنگ دەکات، هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٠١٧، ئەوەی لە کتێبەکەدا بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە کە لە بارەی ئەو بوویەر و ڕووداوانەی نووسیوە، کە هاوسەردەمی خۆی بوون، یان لە دروستکردنیاندا بەشدار بووە، بە ڕای من لە هەمووشیان گرنگتر، کە هەر لەو پێناوەشدا کتێبەکەی نووسیوە، ئەمانەن:

یەکەم/ حکوومەتەکانی یەك بە دوای یەکی عێراق، هەر لە دامەزراندنی یەکەمین کابینە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ـەوە تا دەگاتە ٢٠٠٣، هەوڵیان داوە، کورد بکەن بە پاشکۆ و پاشەرۆکی (عەرەب)، وێڕای ئەوەی هەمەجۆر و شێوازیشیان بەکار برد، وەك بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و شاڵاوی ئەنفال، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

دووەم/ لەگەل ئەوەی کورد هاوکاریی حوکمڕانانی ئێستای عێراقیان کردووە لە گەیشتنیان بە دەسەڵات، کوردیش دوای ١٢ ساڵ لە (جیابوونەوە) و ئازادی، لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ بە دواوە، گەڕانەوە سەر عێراق، بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکرات بنیات بنێن و مافی هەموانی تێدا دەستەبەر ببێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی نوێ ئەمەیان لەبەر چاو نییە، سوودیشیان لە پەندەکانی مێژوو وەرنەگرت، هەڵەی پێشینانی خۆیان دووبارە کردەوە، لەوەش خراپتر، ڕێڕەوی حوکمڕانی کەوتە سەر ڕچەی تایەفەخوازی، هەموو ئەمانە پاڵیان بە کوردەوە نا بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکەنەوە، کە ئەشك و دەردی نەبڕاوەی خۆیان لەگەڵ حکوومەتەکانی یەك بە دوای یەکی عێراق بە کۆتا بهێنن.

لەو ڕابردوو و ئێستای مەرگەساتباری هەنووکەدا، لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧دا ڕیفراندۆم کرا، بەڵام هەڵوێستی عێراق و هەڵوێستی نێودەوڵەتییش لە ڕێکاری مرۆڤانەوە

**بەڕێز مەسعود بارزانی، لە کتێبەکەیدا «بۆ مێژوو»، دەیەوێت پەردە لەسەر گەلێك نهێنی و ڕووداو هەڵبماڵێت، کە مشتومڕیان لەسەرە و لەسەر بووە و دەخوازێت ئاشکرایان بکات**

**لە پاش ڕووخانی ڕژێم بەعس لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ بە دواوە، گەڕانەوە سەر عێراق، بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکرات بنیات بنێن و مافی هەموانی تێدا دەستەبەر ببێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی نوێ ئەمەیان لەبەر چاو نییە، سوودیشیان لە پەندەکانی مێژوو وەرنەگرت**

**هەموو ئەو دانوستاندنانەی حکوومەتەکانی عێراق لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کردوونی، بە مەبەستی تاکتیك بوون**

**کابینەکانی حکوومەتی عێراق دەستووری ٢٠٠٥یان پیادە نەکرد و نزیکەی (٥٥) ماددەی دەستوورەکەیان فەرامۆش کرد، ئەگەر پیادەیان بکردایە، گەلێك گرفت ڕوویان نەدەدا**

دوور بوون، لە مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسیان دوور بوو، وەك بەڕێز مەسعود بارزانی گوتەنی، ئەوەیان لە بیر چووەوە: بەر لەوەی بەریتانیا لە ٢٣/ئاب/١٩٢١دا شانشینی عێراق دروست بكات، كورد جوگرافیا و مێژوو و پرسی خۆی هەبوو، هەر ئەوانیش بوون ویلایەتی مووسڵی كوردستانیان لەوە ڕزگار كرد، كە بخرێتە پاڵ دەوڵەتی تازەی توركیا.

لە كتێبەكەدا كۆمەڵێك ڕاستی و قەناعەت هەن كە بارزانی پێیان گەیشتووە:

١- هەموو ئەو دانوستاندنانەی حكوومەتەكانی عێراق لەگەڵ سەركردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد كردوونی، بە مەبەستی تاكتیك بوون.

٢- ئەگەرچی لە ڕاپەڕینەكەی ئاداری ١٩٩١دا دەیتوانی، بەڵام كورد، سەرەڕای ئەو هەموو كارەسات و تاوانانەی ڕژێم كردوونی، بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەكردووەتەوە.

(٣) زەحمەتترین بڕیار لە ژیانی (بارزانی) دا، ئەوە بوو كە ڕازی بوو لە نیسانی ١٩٩١دا دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بكات «من تەوقەم لەگەڵ ئەو دەستانەدا كرد كە بە خوێنی كورد سوور ببوون.»

(٤) كابینەكانی حكوومەتی عێراق دەستووری ٢٠٠٥یان پیادە نەكرد و نزیكەی (٥٥) ماددەی دەستوورەكەیان فەرامۆش كرد، ئەگەر پیادەیان بكردایە، گەلێك گرفت ڕوویان نەدەدا.

(٥) لە ساڵی ٢٠١٠ بە دواوە سیستەمی حوكمڕانی لە عێراق ڕێی دیكتاتۆریەتی گرتە بەر.

(٦) هەموو ڕێیەكی بەئاشتی ژیان لە عێراقدا داخران، كورد لە پاش ئەزموونێكی ١٠٠ ساڵەی شكستخواردووی تاڵ و ناڕاستی هاوبەشایەتی، لە مانەوەی لە عێراقدا بە تەواوی بێ هیوا بوو.

(٧) بڕیاری ڕیفراندۆم تاك لایەنانە نەدرا، بەڵكوو هەموو لایەنانی سیاسیی كورد تێیدا بەشدار بوون، بڕیاریش درا لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا بەڕێوە بچێت.

(٨) نامەكەی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا سەبارەت بە دەستهەڵگرتن لە ڕیفراندۆم، فەرمی نەبوو، بەڵكوو ڕەشنووسی نامەیەكی نامسۆگەر بوو، كە هی ئەوە نەبوو پشتی پێ ببەسترێت.

(٩) ئەمریكا بەڵێنی نەدا پشتیوانی و لایەنگری ڕیفراندۆم بێت، بەڵكوو بەڵێنی دا ئەگەر دوای دوو ساڵی دیكە بكرێت، ڕێزی لێ دەگرێت.

(١٠) هەر پاشگەزبوونەوەیەك لە ڕیفراندۆم لەسەر حیسابی ماف و ئایندەی سیاسیی كورد دەبوو.

(١١) بڕیار درا لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا ڕیفراندۆم بكرێت، هەرچیش دەبێت با ببێت.

ڕیفراندۆم لە وادەی خۆیدا كرا، ئەگەرچی ڕێژەی (٩٢،٧٣٪)ی كوردستانیان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی هەرێم دەنگیان دا، جیهانیش ویستی كوردی بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوا و شەرعیی خۆی بەدی كرد، بەڵام عێراق و زۆربەی وڵاتانی جیهان دژ بە ویستی كورد وەستانەوە، لەوەش سەیر و سەمەرەتر حكوومەتی عێراق داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆمی دەكرد، بۆ ئەوەی ڕەوشی كورد بشێوێنێت، ئەمەش هەرگیز نەدەكرا، دەنگی نزیكەی سێ ملیۆن كەس چۆن ڕەت دەكرێتەوە؟!

گرنگ لەو كارەدا، ئەنجامی ڕیفراندۆم وەك بەڵگەنامەیەكی مێژوویی لە دەستی كورددا دەمێنێتەوە، هەر كاتێك پێویست بكات، كورد بەرزی دەكاتەوە، بەڵكو جیهانی پێشكەوتوو لە ڕەفتاری نامرۆڤانەی دەرهەق بە گەلێك شەرم دای دەگرێت، كە هەر خۆی بەرپرسە لە بێبەشكردنی كورد لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی.

بەڕێز مەسعود بارزانی ڕای وایە، ئەو كردارە مەزنە نەكراوانەی دوای ڕیفراندۆم كران، مەبەستم پلانی هێرشكردنە سەر كوردستان، پێشتر بەر لە ڕیفراندۆم بڕیار درابوون، بە پشتبەستن بە لایەنانی كوردییش نەخشە و بەرنامەیان بۆ كێشرابوو، لەم ڕووەوە بەڵگە هەن، ڕیفراندۆمیش كرایە بەهانەی هێرشەكە.

بەڵێ، ڕوخساری دەسەڵاتدارانی عێراق گۆڕاوە، بەڵام عەقڵ و بیركردنەوەكە هەر وەك خۆیەتی، بارزانی بە ناونیشانی پەیامگەیەنەری كتێبەكەی، پرسی نەتەوەیی كوردی خستە بەردەم دادگای مێژوو.

**ئەمریكا بەڵێنی نەدا پشتیوانی و لایەنگری ڕیفراندۆم بێت، بەڵكوو بەڵێنی دا ئەگەر دوای دوو ساڵی دیكە بكرێت، ڕێزی لێ دەگرێت**

**عێراق و زۆربەی وڵاتانی جیهان دژ بە ویستی كورد وەستانەوە، لەوەش سەیر و سەمەرەتر حكوومەتی عێراق داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆمی دەكرد، بۆ ئەوەی ڕەوشی كورد بشێوێنێت**

**ئەنجامی ڕیفراندۆم وەك بەڵگەنامەیەكی مێژوویی لە دەستی كورددا دەمێنێتەوە، هەر كاتێك پێویست بكات، كورد بەرزی دەكاتەوە**

**بەڕێز مەسعود بارزانی ڕای وایە، ئەو كردارە مەزنە نەكراوانەی دوای ڕیفراندۆم كران، مەبەستم پلانی هێرشكردنە سەر كوردستان، پێشتر بەر لە ڕیفراندۆم بڕیار درابوون، بە پشتبەستن بە لایەنانی كوردییش نەخشە و بەرنامەیان بۆ كێشرابوو**



جەواد کەریمی

کونسوڵی بازرگانیی لە کونسوڵگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەو پێشوازییە ئاست بەرزەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێچیرڤان بارزانی خواستی هەردوولایە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و سیاسی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شاندێك ڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠٢١ بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ئیبراهیم ڕەئیسی (سەرۆك کۆماری نوێی ئێران) گەیشتە تاران و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی میهرئاباد پێشوازییەکی گەورەی لێ کرا، لە دووەم ڕۆژی سەردانەکەشیدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆك کۆماری نوێی ئێران و دواتر لەگەڵ محەمەد باقر قالیباف سەرۆکی پەرلەمانی ئێران کۆبووەوە. لەو دیدارانەدا بوارەکانی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دراوسێتیی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش و چەند پرسێکی دیکەی گرنگ تاوتوێ کران. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی سەردانەکە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، جەواد کەریمی کونسوڵی بازرگانیی لە کونسوڵگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.





*** سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و ئەو پێشوازییە بەرزەی کە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرا، خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا، ئایا ئێوە وەکو دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندنەوەتان بۆ ئەم سەردانە چییە؟**

- پێشەکی دەمەوێت باسێکی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستان بکەم، کە لەسەر بنەمایەکی پتەو و هەمیشەیی بونیاد نراوە، پەیوەندییەك کە لەسەر بنەمای بەهێزی جوگرافیایی و زمان و فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی دروست بووە. لە دێر زەمانەوە مامەڵە و دانوستاندن لە نێوان خەڵکی ئێران و عێراق بەردەوامی هەبووە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەباتی خەڵکی کوردستانی عێراق لە دژی ڕژێمی ستەمکاری بەعس و دیکتاتۆریی سەدام پشتیوانیی گەلی کوردستانی کردووە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لەم ساڵانەی دواییدا کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی هەرێم بووە لە شەڕی تیرۆرستانی داعش و پەیوەندییە دوولایەنەکان بە دۆخێکی درەوشاوە و لە دۆستایەتی و دراوسێتی گەیشتووە.

سەبارەت بە پرسیارەکەشتان، دیداری نێچیرڤان بارزانی وەك بەرزترین پلەی سیاسیی هەرێم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها پێشوازیکردنێکی ئاست بەرز لە سەرۆکی هەرێم و شاندی هاوڕێیان و خاتوو ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم، نیشاندەری ئیرادە و خواستی بەرپرسانی باڵای هەردوو لایە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان. دانوستانی بازرگانی و ئابووریی دوو لایەنەش لە ئاستێکی باشدایە و توانا و دەرفەتە جۆراوجۆرەکان لەو بوارەدا لە نێوان بەرپرسانی هەردوو لا زۆر بەرەوپێشەوە چووە، بە ڕاددەیەك دەکرێت ئاستی ئاڵوگۆڕە بازرگانی و ئابوورییەکان دوو هێندەی ئێستای لێ بکرێت .

*** ئەم سەردانە تاچەند گرنگی هەیە بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییانەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران؟**

- لە ئێستادا پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان کاریگەرترین هۆکارن بۆ پێشکەوتن لە پەیوەندییەکانی دوو لایەنەی ئابووری و بزاڤ و بەرەو وەبەرهێنانی مرۆیی هاوسەنگ و بازرگانیی هاوسەنگ، پەیوەندیی هاوسەنگی بازرگانییش لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئامانج و مەبەستەکانی هەموو وڵاتانی جیهان دێت و، کاریگەریی باشی لەسەر پەیوەندی و بواری سیاسیش هەیە، ئەم پەیوەندییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا دێت و، پەرە بە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان دەدات و، تەنانەت بەهێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندییە هەمە جۆرەکانی لێ دەکەوێتەوە. خۆشبەختانە بازرگان و وەبەرهێنەرانی ئێرانی و هەرێم بە



توانامەندیی یەکدی ئاشنان و لە پێشانگاکانی بازرگانی و پیشەیی کە لە زەمەنە جیاجیاکانیساڵدا سازدراوە لە ئێران و هەرێم نمایشی کاڵا و بەرهەم و تواناکانی خۆیان کردووە، بەشدارییەکی کارایان هەبووە، دەبێت کار بکرێت بۆ لابردنی ئاستەنگ و گرفتەکان تاوەکو بەرهەمی ئەم سەردانە و هەموو پەیوەندییە دوو لایەنەکان زیاتر بۆ هەردوو لا ڕەنگ بداتەوە.

*** هەڵبەتە لەکاتی بوونی پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی دوولایەنە گرفت و کەموکورتییش دەبێت، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم گرفت و کەموکورتییانە کەم بکرێنەوە؟**

- بەڵێ، بۆ پتەوکردن و بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان هەردەم گرفت و کەموکورتی یان، ئاستەنگی جۆراوجۆر بوونیان دەبێت، گرنگ ئەوەیە ئابووریناسان و شارەزایان کار بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگ و گرفتانە بکەن، بۆ نموونە لە بواری نەبوونی بیمە و مامەڵەی بانکی و کۆنترۆڵکردنی کوالێتی و ستانداردی کاڵا و شمەك و گەرەنتی و کڕین و گواستنەوەی ڕاستەوخۆ و ئاسانکاریی هاتوچۆ و گواستنەوەی سەر سنوور.

*** یەکێك لەو تەوەرە گرنگانەی لە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تاران تاوتوێ کرا، پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، ئایا ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق چییە؟**

- کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان هاریکاریی دۆستانە هەبێت و ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێن، هەر لەم بوارەدا هەوڵی زۆر دراوە، خۆشبەختانە پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دروست بووە، هەروەها حزب و گرووپە سیاسییەکانی کوردی و شیعە پێوەندییەکی دۆستانەیان هەیە، هیواداریین لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانە لەم دۆخەشدا بتوانن گرنگی بە ڕێککەوتنەکانی ڕابردوو بدەن و بۆ سەقامگیری و یەکپارچەیی عێراق و هاریکاریی پێویست دەستەبەر بکەن. ئەمنییەت و سەقامگیریی عێراق بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگە، بەتایبەتی کە سنوورێکی هاوبەشی بەرفراوانمان هەیە و، ئەمنییەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕیزبەندی پێشەوەدایە و بۆ پاراستنیشی هاوکار دەبێت.

هەر کات پێویست بووبێت، میللەتی ئێران لە تەنیشت میللەت و نەتەوەکانی عێراق ڕاوەستاوە و ئەمەش پتر لە چل ساڵی شۆڕشی ئیسلامی سەلماندوویەتی کە لەسەر ئەم بنەمایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هەرێم پەیوەندییەکی بەهێز و دروست و کاریگەری هەبووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەوڵ دەدەین بەهێزتر و بەرفراوانتری بکەین.

## لە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی بێ سیستەمدا

# عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ دەچێت


**• عێراق لەناو ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی بێ سیستەمدا**

ناتوانرێت لە دەرەوەی سیستەمە ئیقلیمییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان ئەوەی زۆر لە پسپۆڕانی زانستی سیاسەت پێی دەڵێن: سیستەمی «سایکس – پیکۆ»، باس لە بارودۆخی سیاسی و کێشە و تەنگژەکانی ئێستای عێراق بکەین، ئەوجا وەك پرۆفیسۆر و سیاسەتمەداری ئەڵمانی ڤۆلکس پیتەر لە کتێبی (ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئیمە ناسیومانە - Das Ende des Nahen Ostens، wie wir ihn kennen) باسی دەکات و دەڵیت: ئەگەر بمانەوێت تایتڵێك بۆ پێناسەی سیستەمی ئەقلیمیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدۆزینەوە، ئەوا ئەو تایتڵە «لەبەر یەکهەڵوەشانی سیستەمە ئیقلیمییەکەیە»و، ئەم ناوچەیە لە ماوەی ١٠-٢٠ ساڵی داهاتوو لەناو پرۆسەیەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی بونیادی گەورەیە و، بەرەو وەرچەرخان و گۆڕانکاریی گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڤۆلکەر پیرتس لەسەر چ بنەمایەکی مێژوویی کۆتایی سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەگەیەنێت؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمە پاشخانێکی تیۆریی لە پشتە کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە برنارد لویس لە چوارچێوەی داڕشتنەوەیەکی تازە بۆ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بانگەشە بۆ لەبەریەکهەڵوەشان و پارچە پارچە بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و، پێشنیاری کردووە بەوەی پێوستە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ٥٠ دەوڵەت، هەروەها پیتەر ڕالف – Peter Ralph- لە دووبارە دروستکردنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (Maps of Blood) پێشنیاری کردووە کە دەبێت سەرلەنوێ نەخشەی ئەو ناوچەیە دابڕێژدرێتەوە و زیاتر لە ٣٠ دەوڵەتیشی تێدا بێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا سیاسەتسازانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپی کار بەم پێشنیار و تیۆرانە دەکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو ئاراستەیە (ئاشکرا و نهێنی)، لەوانەیە لە سیاسەتی دەرەوەیان، بە ئاشکرا باس لەم ئاراستەیە نەکەن، بەڵام مێژووی سیاسیی ناوچەکە پێمان دەڵیت، بە نهێنی لەسەر ئەم ئاراستەیە ڕۆیشتوون، هەروەك پرۆفیسۆر ڤۆلکەر-یش لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە، دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، بۆ ئەوە نەهاتوون بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دووبارە بە شێوەیەکی دیکە هەندەسەی دەوڵەت بونیاد بنێننەوە، بەڵکو هاتوون بۆ ئەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش لە خۆیان دوور بخەنەوە و لەم ناوچەیەدا ئیحتوای بکەن.

بەپێی ئەم میتۆدە، ئەگەر لە سەر خاڵێکی

**سەردانی یەک دوو ڕۆژی ڕابردووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران سەرکەوتنێکی گەورەی دیپلۆماتی بوو بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان**



پ.د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگ هەڵوەستە بکەین و بپرسین: سەرەتا هەنگاوی پراکتیکی بۆ ئەم وەرچەرخانە دینامیکییە لە کەیەوە دەست پێ دەکات؟ ئەوا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو چەمکە گرنگەی هنتگتن کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بە ناونیشانی (پێکدادانی شارستانیەتەکان) ڕایگەیاند، ئەم پێکدادانەش بە ڕاشکاوی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و بە تەقاندنەوەی هەر دوو تاوەری ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك بینیمان و پاشانیش کاردانەوەکانی ئەمریکامان بە داگیرکردنی هەردوو دەوڵەتی – عێراق و ئەفغانستان- بینی و، دوای ٢٠ ساڵ ئاکامەکەشی لەبەر چاوە، لە ئەفغانستان جارێکی دیکە خەریکە تالیبان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و عێراقیش لە دووڕێیانی – دەوڵەت و بێ دەوڵەت-یدایە و، ئاماژەکانیش بەرەو ئەوەن کە عێراق ئێستا زیاتر بەرەو نەمانی سیستەم و دەوڵەت هەنگاو هەڵدەگرێت، نەك بونیادنانەوەی دەوڵەت و گێڕانەوەی سەروەری و شکۆ بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت.

کەواتە کێشەی کۆی سیستەمە ئیقلیمیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە ئەو پێشبینییانەی بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دەوڵەتەکانی دەکرێت، لەناو سیستەمە تەقلیدییە ئەقلیمییەکەی سایکس- پیکۆ نابێت، قۆناخێکی بێ سیستەمی دەست پێدەکات و، لەناو ئەو ژینگە بێ سیستەمییەدا دەوڵەتەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێن، بەڵام نازانرێت ئەو بەدیلەی جێگەی ئەم سیستەم و دەوڵەتانە دەگرێتەوە، چی دەبێت؟ ئەم نارۆشنی و نادڵنیاییە بووەتە ئیشکالیەت و کێشەیەکی گەورە بۆ دەوڵەتە گەورەکانی جیهان، وەك ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپی و تەنانەت ڕووسیاش.

**● نەبوونی دەوڵەتمەداری ئیقلیمی و لاوازیی ڕۆڵی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان**

ئەگەر سیستەمی ئیقلیمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سیستەمی سایکس – پیکۆ ) کە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەسپێندرا، ئەمە مانای ئەوەیە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم سیستەمە تەقلیدییە پێویستە کاراکتەرە گەورە و بەهێزەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دووبارە سیستەمێکی نوێ دابڕێژنەوە، بەڵام ئێستا ئەم خواستە لەلایەن کاراکتەرە بەهێزە نێودەوڵەتییەکانەوە بەدی ناکرێت، هۆکاریش بۆ ئەوەی هێزە گەورەکان نەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

١- جێگرەوەی ئەم سیستەمە ئیقلیمییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگرەوەی دەوڵەتەکان نازانرێت، ئەمەش واتە نازانرێت «Output» چۆن دەبێت.


٢- لە ناوچەکەدا کاراکتەری تازەی نێودەوڵەتی

**لەناو ئەم بارودۆخەدا سیستەمی مۆڕالییش (Moral Order) بە مانای ئەوەی (چی گونجاوە بکرێت و، ماقووڵە مەزندە بکرێت)، لەبەریەکهەڵوەشاوە و، گەڕاوەتەوە بۆ تەنگژەی مەزهەبگەرایی و خێڵەکی و، لە هەمانکاتدا کەلتووری پێکەوەژیان لە نیوان مەزهەب و ئیتنییە جیاوازەکان بوونی نەماوە**

ئەگەر بە دوای تایتڵێکی گەورەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا پێناسە بکەین، تایتڵە گەورەکە بریتی دەبێت لە: «لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ئەم لەبەریەکهەڵوەشانەش لە لەسەر ئاستی دەوڵەتە، ئەمەش نەک تەنیا لەسەر ئاستی عێراق و سووریا، بەڵکو لە سەر ئاستی تەواوی ناوچەکە لە دڵی باکووری ئەفریقیاوە تا دەگاتە دەوڵەتانی کەنداو، لەناو ئەم بارودۆخەدا سیستەمی مۆڕالییش (Moral Order) بە مانای ئەوەی (چی گونجاوە بکرێت و، ماقووڵە مەزندە بکرێت)، لەبەریەکهەڵوەشاوە و، گەڕاوەتەوە بۆ تەنگژەی مەزهەبگەرایی و خێڵەکی و، لە هەمانکاتدا کەلتووری پێکەوەژیان لە نێوان مەزهەب و ئیتنییە جیاوازەکان نەماوە.

سیستەمی ئیقلیمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆر جاران پێیشی دەڵێین: سیستەمی «سایکس – پیکۆ»، ئەم سیتمەش لە ماوەی ٤-٥ نەوەی سیاسەتمەداران ئەوەی فێرکردین کە ئەم سیستەمە ئیقلیمییە خراپە کە لەلایەن کۆلۆنیالیستە دەرەکییەکانەوە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپێندراوە و، لە ئێستادا هەست بەوە دەکەین، بەدیلی ئەو سیستەمە خراپە شەڕی دژبەیەکی کردووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەرەو بێ سیستەمیی تەواو دەڕوات.

کاراکتەرە نێودەوڵەتییە گەورەکان وەك ئەمریکا و ئەورووپا ناتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە و ناوچەکە و سیستەمێکی نوێی ئیقلیمی بونیاد بنێننەوە، کاراکتەرە ئیقلیمییەکانیش ئەو توانا و لێهاتوویییەیان وەك دەوڵەتمەدار تێدا نییە کە بتوانن کارێکی لەو جۆرە بۆ بونیادنانی سیستەمیکی ئیقلیمیی تازە وەك ئەوەی کۆنگرەی ڤیێننای ساڵی ١٨١٥ی ئەورووپا ئەنجام بدەن و کۆنسێرتی هێز دروست بکەنەوە و سیستەمەکە ڕێکبخەنەوە.




دەرکەوتوون، کە ناتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، وەك ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و چەندین گرووپ و میلیشیای جیاواز کە پێیان دەڵێن: «لە یاسا دەرچوو».

٣- شەڕ و کێشەکان تەنیا لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتدا نییە، بەڵکو سنووری دەوڵەتەکان توانای ئیحتوای شەڕ و کێشە ناوخۆییەکانیان نەماوە، هەر بۆ نموونە گرووپ و میلیشیا چەکدارەکانی عێراق هێرش دەکەنە سەر کونسوڵخانە و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەنبار و هەولێر، ئەمریکا لە سنووری سووریا کاردانەوەی دەبێت.

٤- پاراستنی بەرژەوەندیی هێزە گەورەکان لەم ناوچەیە کەوتووەتە مەترسییەوە و، زۆر بە قورسیش ناتوانن بە تەواوەتی بیپارێزن. لەسەر ئەم پرسە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیناتۆری ئەمریکی کریس مارڤی کە لە شوباتی ٢٠٢١ وتارێکی لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی (سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردەمی بەسەر چووە و لە مەترسیدایە American Middle East policy is outdated and dangerous)، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەر ئەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر نییە، کە جێگیر نەبوو، هێزە گەورەکان شپرزە دەبن، هەروەك چۆن ئێستا هێزەکانی ئەمریکا بە دەست گرووپ و میلیشیا چەکدارەکانەوە شپرزە و ڕەزیل بوون.

لەسەر ئەم پرسە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فاکتەرەکانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پرسیارە بکەین: ئایا سەرۆك دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە ناتوانن بە هاوشێوەی سەرۆك دەوڵەتەکانی ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی و شەڕی سارد کۆببنەوە و سیستمێکی هاوسەنگی ئیقلیمی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونیاد بنێننەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پسپۆڕانی زانستی سیاسەت لەسەر ئەوە کۆکن کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هاوشێوەی ئەورووپا، دەوڵەمەتداری لێهاتوو بوونی نییە، کە لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی ڕێك بکەون و، هاوسەنگی بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە، ئەمەش ئاستەنگێکی دیکەیە و بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات، کە بارودۆخێك هاتووەتە پێشەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو «بێ سیستەمی» دەبات.

ئەگەر جارێکی دیکە لە ناو کۆی سیستەمی ئیقلیمیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێینەوە بۆ

**بۆ یەکەمین جارە، سنووری دەوڵەتەکان توانای ئەوەی نەماوە شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەی ئیحتوا بکات و، ئێستا شەڕە ناوخۆییەکان سنووری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەزێنن**

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هاوشێوەی ئەورووپا، دەوڵەمەتداری لێهاتوو نییە، کە لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی ڕێک بکەون و، هاوسەنگی بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە**

لەناو ئەم بارودۆخەدا ئەگەر لە خۆمان بپرسین: ئیمە لە کوێین؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بیت، ئێمە لەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە پێشتر ناسیومانە، ئەوا لە ئێستادا نازانین بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرین؟ بەڵام ئەوەی لەبەر چاومانە و ئەوەی دەبینین، ئەوەیە کە ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکانی ئەم ناوچەیەی لەسەر دامەزراوە، چیدیکە کاری پێ ناکرێت. هەر بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری داهاتووی دیمۆگرافیا و ئابووریی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا مەزندەی ئەوە دەکەین، لە ماوەی ١٠-٢٠ساڵی داهاتوو، هیچ دەوڵەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیەی ئێستا بوونی نابێت، ئەوەی لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە:

١- بۆ یەکەمین جارە هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا ڕۆڵی چالاکیی جیۆپۆلیتیکیان لە دەستداوە و بوونەتە شانۆی ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی جیاواز و بکەرە جیۆپۆلیتیکییەکانی دیکە.

٢- بۆ یەکەمین جارە، سنووری دەوڵەتەکان توانای ئەوەی نەماوە شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەی ئیحتوا بکات و، ئێستا شەڕە ناوخۆییەکان سنووری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەزێنن.

٣- بۆ یەکەمین جارە، وێڕای شەڕە گەورەکانی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، نابنە سەردێڕی هەواڵەکان لەناو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەناو کۆی ئەم بارودۆخە ئاڵوز و بێ سیستەمییەی لەم ناوچەیە هەیە، کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەبینین کە ئێمە ناسیومانە.



**ڤۆلکەر پێرتس پرۆفیسۆر و سیاسەتمەداری ئەڵمانی و نووسەری کتێبی «کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە ئێمە ناسیومانە»**

بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق، دەبینین عێراقیش لە بناخەوە پێویستی بە بونیادنانەوەی دەوڵەت هەیە، بونیادنانەوەی دەوڵەتیش وەك پرۆفیسۆر فرانسیس فۆکۆیاما ئاماژەی پێ کردووە، پێوستی بە دوو ژێرخانی پتەو هەیە، کە بریتین لە:

١- بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز لە هەموو بوارەکانی (سوپا، ئاسایش، خوێندن و فێرکردن، تەندروستی و خزمەتگوزاری و.. هتد).

٢- سەروەریی و حوکمی یاسا.

کە ئەم دوو ژێرخانە گرنگە دروست بوو، شکۆ و سەروەری بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە و، وەك ماکس ڤیبەر ئاماژەی پێ کردووە، دەوڵەت شەرعیەتی مۆنۆپۆلکردنی هێز و بەکارهێنانی هێزی دەبێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەنگاوی پراکتیکی بۆ ئەم دوو ژێرخانە گرنگە هەڵگیراوە؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێین» نەخێر، ئاکامەکەی لەو بێهێزییەدا دەیبینین کە ئێستا دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی (سوپا، ئاسایش، خوێندن، تەندورستی، خزمەتگوزاریی سەرەکی و.. هتد) بەدەستییەوە دەناڵێنێت و، لە هەمانکاتدا گوشاری ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش هەن، کە نایانەوێت عێراق ببێتەوە بە دەوڵەت، هەر بۆ نموونە: گوشاری ناوخۆیی بریتییە لەو میلیشیا و گرووپە چەکدارانەی کە یاسای پەلەرمان و حکومەتی عێراقی بوونەتە بەشێك لە دامەزراوەی سەربازی و ئاسایشی عێراق، بەڵام ددان بە حکومەتەکەدا نانێنن و، خۆیان لە دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەتی عێراق بە گەورەتر دەزانن و، هەڕەشە لە سەرۆك وەزیران و تەواوی دامەزراوەکانی عێراق دەکەن، لەسەر ئاستی ئیقلیمیش دەوڵەتانی ئیقلیمی نایانەوێت عێراق ببێتەوە بە دەوڵەتێکی بەهیز لەناوچەکەدا، بۆیە هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەن خۆیان چارەنووسی ئایندەی دەوڵەتی عێراق دیاری بکەن.

**دەوڵەتانی ئیقلیمی نایانەوێت عێراق ببێتەوە بە دەوڵەتێکی بەهیز لەناوچەکەدا، بۆیە هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەن خۆیان چارەنووسی ئایندەی دەوڵەتی عێراق دیاری بکەن**

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەتوانین لە ئێستادا بڵێین دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووی لەبەر یەك هەڵوەشاوەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین: لە ئێستادا عێراق نەبووەتە دەوڵەتێکی شکستخواردووی لەبەریەکهەڵوەشاوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو شکستخواردوویی و پاشاگەردانی هەنگاو هەڵدەگرن، بۆیە پێویستە ئەمە ڕابگیرێت، بەڵام چۆن دەتوانرێت ئەمە ڕابگیرێت، بێگومان ئەمە پێوستی بە دەوڵەتمەدار هەیە، ئەگەر بپرسین: ئایا لە عێراقدا دەوڵەتمەدار

**ئەوانەی دەوڵەتمەدارن ئەو نفووز و هێزەیان نییە کە بتوانن ئاراستەی شکستخواردوویی و لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتەکە ڕابگرن، ئەم حاڵە عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ دەبات**

بەو ئاستە هەیە، کە بتوانێت ئەمە ڕابگرێت؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین: نەخێر، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە بڵێین لە عێراقدا دەوڵەتمەدار نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوانەی دەوڵەتمەدارن ئەو نفوز و هێزەیان نییە کە بتوانن ئاراستەی شکستخواردوویی و لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتەکە ڕابگرن، ئەم حاڵە عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ دەبات، ڕاشکاوانەتر دەوڵەتەکە وەك ناو بوونی دەمێنێت، بەڵام سەروەری نابێت و هەر گرووپ و تاقمێك خۆیان حوکمڕانیی خۆیان دەکەن.

**● لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری داهاتوودا کێ دەچێت بۆ دەنگدان و کام کاندید هەڵدەبژێرێت؟**

وا بڕیار دراوە کە لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری داهاتوو پرۆسەی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری عێراق بەڕێوە بچێت، بۆ ئەمەش هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و حکومەتی ئەمریکاش وەك لە ڕێککەوتنی ئەم دواییەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، کۆکن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، ئەمەش واتە لەسەر دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ناوخۆی عێراق و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانییەکی گەورە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام ئەوەی چاودێری سیاسی تووشی حاڵەتێکی هیستریایی دەکات، ئەوەیە ئاراستەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی عێراق ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، هەڵبژاردنەکان نەکرێن، یان هەتا ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکرێت کە دەکرێت، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکە بێ بەها و بێ مانا دەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد فەراهەم نەکراوە.

٢- دەتوانین بڵێین بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠ تا٦٠٪ی هێزە کاریگەرەکانی عێراق کشانەوەی خۆیان لەسەر شەقام بۆ هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاندووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوە لە ڕووی یاساییەوە پەسەند نییە.

٣- باس لە بەکارهێنانی چەك و پارەی سیاسی دەکرێت بۆ قۆرخکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکە.

٤- مەترسیی کوشتن و ڕفاندنی کاندیدەکان بوونی هەیە و ئەنجامیش دراوە.

ئەگەر تەنیا ئەم چوار خاڵە وەك ئاستەنگی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە وەربگرین و بڵێین:

أ- دیارە ئەو لایەنانەی پاشەکشەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە ڕاگەیاندووە، بە شێوەیەکی یاسایی ناتوانن ئەو کارە بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ناوەکانیان لەسەر لیستی دەنگدان دەمێنێتەوە.

ب- لە حاڵەتێکدا ئەو لایەنانەی کە پاشەکشەیان ڕاگەیاندووە، بە جەماوەر و لایەنگرانی خۆیانیان وت بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن و، مەچن بۆ دەنگدان، ئایا تا چەند ئەم بایکۆتە کاریگەری لە سەر مسداقیەتی ئاکامی هەڵبژاردنەکە دەبێت؟

ج – ئەگەر تەنیا ئەو لایەنانە مانەوە کە پاشەکشەیان نەکردووە و، بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنە دەرچوون، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەتوانن حکومەتێك پێکبهێنن، جێگەی ڕەزامەندیی هەمووان بێت و هەمووان کۆبکاتەوە؟

کەواتە لەم بارودۆخەدا هیچ ڕوون و ڕاشکاوییەك نییە، ئەوەش نادڵنیایی گەورەی دروست کردووە و، نانزانرێت چارەنووسی دەوڵەتی عێراق لە ئایندەدا بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەروەك چۆن لە ئێستاشدا نازانریت، کێن ئەوانەی دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگەکانیشیان بە کام کاندید دەدەن؟

ڕوون و ئاشکرایە ئەو هێز و لایەنانەی کە ئێستا پاشەکشە لە بەشداریکردنی هەڵبژاردن دەکەن، تەنیا نیشانەی پرسیار لەسەر ئاکامی هەڵبژادنەکە دروست ناکەن، بەڵکو هەتا ئەگەر ئاکامی هەڵبژادنەکەش وەك ساڵی ٢٠١٨ شەرعییەتی پێ درا، ئەوا نیشانەی پرسیار لەسەر شەرعییەتی ئەو حکومەتە دروست دەکەن، کە لەسەر ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێك دەهێندرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو هێز و لایەنانەی کە بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان نەکردووە، دەستەوەستان بەرامبەر بە حکومەت دانانشین و، پەنا بۆ هێزی دیکە دەبەن، بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی ئەو حکومەتە، هەروەك چۆن لە بەرامبەر حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە ٢٠٢٠ بینیمان، ئەمەش تەواو ئەو ڕێگەیە کە عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ دەبات، ئەزموونی سۆماڵیش پێمان دەڵێت، ئەوا ماوەی ٣٠ ساڵە ئەو دەوڵەتە لەبەریەکهەوەشاوە و هیچ تروسکاییەکیش نییە بۆ ئەوەی دووبارە وەك دەوڵەت بونیاد بنرێتەوە.

**● هەرێمی کوردستان لەناو پاشەگەردانیی سیاسیی عیراق و هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری داهاتوودا**

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ و پێکهێنانی حکومەتەکەی د.حەیدەر عەبادی-یەوە تا دەگاتە

**ئەو لایەنانەی پاشەکشەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە ڕاگەیاندووە، بە شێوەیەکی یاسایی ناتوانن ئەو کارە بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ناوەکانیان لەسەر لیستی دەنگدان دەمێنێتەوە**

**لەم بارودۆخەدا هیچ ڕوون و ڕاشکاوییەک نییە، ئەوەش نادڵنیایی گەورەی دروست کردووە و، نانزانرێت چارەنووسی دەوڵەتی عێراق لە ئایندەدا بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەروەک چۆن لە ئێستاشدا نازانریت، کێن ئەوانەی دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگەکانیشیان بە کام کاندید دەدەن؟**

**ئەو هێز و لایەنانەی کە ئێستا پاشەکشە لە بەشداریکردنی هەڵبژاردن دەکەن، تەنیا نیشانەی پرسیار لەسەر ئاکامی هەڵبژادنەکە دروست ناکەن، بەڵکو هەتا ئەگەر ئاکامی هەڵبژادنەکەش وەک ساڵی ٢٠١٨ شەرعییەتی پێ درا، ئەوا نیشانەی پرسیار لەسەر شەرعییەتی ئەو حکومەتە دروست دەکەن، کە لەسەر ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێک دەهێندرێت**

ئێستا کە بەرەو کۆتایی ٢٠٢١ دەچین، هەرێمی کوردستان هەموو ساڵێك لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەگاتە ڕێککەوتن لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی عێراق و ئەم پرۆژە یاسایەش لە ناو پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر دەدرێت و، دەبێتە یاسا و دەبێت حکومەتی عێراق پێوەی پابەند بێت و جێبەجێی بکات، بەڵام لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ئەم یاسایە جێبەجێ نەکراوە و بە یاسای بودجەی ئەمساڵیشەوە و، تەنانەت ئەو برە پارەیەشی مانگی پێشوو لە بەغدا بۆ هەولێر ناردرا، حکومەتی عێراق ڕاشکاوانە ڕایگەیاند ئەم پارەیە لە چوارچێوەی یاسای بودجە نییە و تەنیا وەك سولفە بۆ هەرێمی کوردستان ناردراوە.

ئەمەی باسم کرد، تەنیا یەکێکە لە کێشەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و چەندین کێشەی دیکە ماون، کە زۆر لە کێشەی یاسای بودجە گەورەترن.

بەڵام مەبەستم بوو، ئاماژە بەو یاسایە بکەم، وەك نموونەیەك بۆ لاسەنگیی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا و، ئەو پرسیارە جارێکی دیکە دووبارە دەکاتەوە، بەوەی: ئایا بەڕاستی هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، یان بوونی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقدا بێجگە لە وەهمێك شتیکی دیکە نییە؟ بێگومان وەك لە وتارێکی دیکەمدا هەر لە گۆڤاری گوڵان ئاماژەم پێ کردووە، عێراق نەبووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و بێجگە لە وەهمێك شتێکی دیکە نییە.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە بوو، ڕاشکاوانە ئەو پرسیارە بورووژێنم: کێن ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی ڕێگرن لەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی؟ بێگومان هەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی پێکهاتەی شیعەن کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەن، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری داهاتوو بەشدار دەبێت، بەڵام دوای هەڵبژاردن لەگەڵ کام لیست و هاوپەیمانی ڕێککەوتن دەکات، بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق؟ یان ئایا ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکدەهێنن، هەنگاو هەڵدەگرن بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، یان بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی سیاسی دەبەن؟

لەناو ئەم هەموو ئەگەر و سیناریۆ ئاڵۆز و ناڕۆشنانەدا، گرنگە بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکاتە ستراتیژ و ڕۆژانەش بە شێوەیەکی تاکتیکی لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان جووڵە بکات. بێگومان لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین لەناو ستراتیژیەتی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە وەك دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو توانیویەتی ڕۆئیای بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی تەرجەمە بکات، ئەمەش بە ڕاشکاوی لە جووڵە و هەنگاوەکانی دەرکەوتووە، بەتایبەتی کە تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کردووەتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، لە هەمانکاتدا لە ئاستی پەیوەندییە هەرێمی نێودەوڵەتییەکانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر و دیاری هەیە، بەتایبەتی لە سەردانی یەك دوو ڕۆژی ڕابردووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران سەرکەوتنێکی گەورەی دیپلۆماتی بوو بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە جووڵە و هەنگاوە دیپلۆماتییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی پیشاندانی توانای خۆیەتی وەك دەوڵەتمەدار و بەهێزیی پێگەی هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرەنجام هەمووی لە پێناوی ئامانجی ئەو ستراتیژەیە کە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش ڕۆئیا و سیاسەتی سەرۆك مسعود بارزانی-یە.

پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا کە عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەرێمی کوردستان دەکاتە ئەزموونێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو لە ناو دەوڵەتێکی شکستخواردوودا، یان وەك پرۆفیسۆر ڤۆلکەر پیترس لە موحازەرەکەیدا لە سەنتەری ویلسن سەبارەت بە – کۆتایی ئەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەی ناسیومانە- ئاماژەی پێ کردووە، لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا هەرێمی کوردستان دەبێتە کاراکتەری نادەوڵەتیی پەسەند و بە ئاسانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکانی ئەم ناوچەیەی لەسەر دامەزراوە، چیدیکە کاری پێ ناکرێت. هەر بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری داهاتووی دیمۆگرافیا و ئابووریی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا مەزندەی ئەوە دەکەین، لە ماوەی ١٠-٢٠ ساڵی داهاتوو، هیچ دەوڵەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیەی ئێستا بوونی نابێت**

**پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخەدا کە عێراق بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سۆماڵ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەرێمی کوردستان دەکاتە ئەزموونێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو لە ناو دەوڵەتێکی شکستخواردوودا**

**کێن ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی ڕێگرن لەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی؟ بێگومان هەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی پێکهاتەی شیعەن کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەن**

**لەناو ئەم هەموو ئەگەر و سیناریۆ ئاڵۆز و ناڕۆشنانەدا، گرنگە بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکاتە ستراتیژ و ڕۆژانەش بە شێوەیەکی تاکتیکی لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان جووڵە بکات**

دیمانەی تایبەت



## تۆماس پرێستۆن

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی واشنتۆن ستەیت بۆ گوڵان:

# پێویستە بە هەنگاوی پراکتیکی پاڵپشتی لە بەیاننامەی هاوبەشی دیالۆگی ستراتیژیی عێراق و ئەمریکا بکرێت

**تۆماس پرێستۆن پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی واشنتۆن ستەیت. تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەتی ئەمنی، کاروبارە دەرەکییەکان، سایکۆلۆژیای سیاسی و وانەبێژی بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و شرۆڤەکاری هەواڵگرییە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد، کە بەند بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن و کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی دیالۆگی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق.**

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئاڕاستەی کارکردن و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکانی ئەمریکا کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیاسەت و شێوازی کارکردنی ئیدارەی سەرۆك بایدن چ گۆڕانکارییەکی هێناوەتە ئاراوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەتی کە ئەم ئیدارەیە جەخت لەسەر پێکەوەکارکردن و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە فرەلایەنەکان دەکات؟ ئایا ئەم ئیدارەیە ڕێباز و ڕێچکەیەکی دیاریکراوی گرتووەتەبەر لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا باشترین وەسفێك کە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك بایدن بکرێت، ئەوەیە کە گەڕانەوەیە بۆ سیاسەتی تەقلیدیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو سیاسەتە تەقلیدییەی کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ژێرو ژووری کردبوو. ئەمەش بە واتای پابەندبوونێکی ڕاستەقینەیە بە گرتنەبەری ڕێچکەی کارکردنی پێکەوە و فرەلایەنەوە، واتا جەختکردنەوەیەکی تەواوە بە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکان و بە بنیاتنانی پەیوەندییەکان لەگەڵیاندا و.. هتد. هەروەها لە کاتێکدا کە ئەمە سیاسەتێکە کە بە ئاقار و ئاڕاستەی دووبارە کارکردنەوەیە لەگەڵ جیهاندا، واتە سیاسەتێکی گۆشەگیرانە و بەرزکردنەوەی دروشمی «ئەمریکا پێش هەموو شتێك» نییە، کە ئیدارەی ترەمپ گرتبوویەبەر، لە هەمان کاتدا سەرۆك بایدن هەوڵ دەدات خۆی بە دوور بگرێت لە ڕێچکەی دەستێوەردان بە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕدا لە ئارادا بوو. کەواتە ئەگەر ئەمە پوخت بکەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە جەختکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ئەوەیە کە کۆتایی بە ڕۆڵی چالاکی شەڕکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بهێنێت، کە لە شەڕە درێژخایەنەکانەوە تێوەگلاوە لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ و لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣وە. *** ئەگەر پرسیارەکە سنووردار بکەینەوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئایا چ هەڵسەنگاندن و تێڕوانینێکت هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- هەر جیاوازبوونێك لەو سیاسەتەی کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ گرتیەبەر لەم ئاست ئەم ناوچەیە، ئەوا بە بەرەوپێشچوون دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئیدارەی ترەمپ زیانی زۆری بە سیاسەتی ئەمریکا گەیاندووە لەم ڕووەوە، ئیدارەی بایدنیش ناتوانێت بە ڕەوتێکی خێرا حاڵەتەکە چارەسەر بکات. هەروەها سیاسەتێکی یەکسانتر لە ئاست کێشەکانی ئیسرائیل/فەلەستیندا گۆڕانکارییەکە و جێی پێشوازیلێکردنە، بە هەمان شێوە هەوڵدان بۆ گفتوگۆکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە. بە داخەوە، ئیدارەی ترەمپ لە ڕێککەوتنەکەی پێشوو کشایەوە و، ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی ڕوودانی گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیی ئێراندا و بەرهەڵستیی بەردەوامی پارتی کۆمارییەکان لە نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا پێناچێت ئەگەری بەرەوپێشچوونێکی گەورە هەبێت لەم ڕووەوە. هەروەها ناپاکیی ترەمپ لە کوردی سووریا بووە هۆی واڵاکردنی دەستی تورکیا، بەڵام ئەوە لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا بەردەوام نابێت، هەرچۆنێك بێت زیانەکە ڕووی داوە. لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ناوخۆی ئێستای عێراقیش، پێدەچێت کشانەوەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا دەرئەنجامێکی حەتمی بێت، دەبێت چاوەڕێی بکەین و ببینین ئایا بەغدا دەتوانێت پارێزگاری لە سەقامگیری بکات لە وڵاتێکدا کە جیاوازیی مەزهەبگەرایی تێدایە و داعش خەریکی خۆکۆکردنەوەیە، ئەگەر بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا جێی ستایشکردن دەبێت، بەڵام ئەمە لەم بارودۆخەدا کارێکی زەحمەتە. بەڵام ئەوەی دەتوانرێت لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە سیاسەتی ترەمپ شکستێکی ئاشکرا بوو.

**سەرۆک بایدن هەوڵ دەدات خۆی بە دوور بگرێت لە ڕێچکەی دەستێوەردان بە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕدا لە ئارادا بوو**

**جەختکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن ئەوەیە کە کۆتایی بە ڕۆڵی چالاکی شەڕکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بهێنێت**

**ناپاکیی ترەمپ لە کوردی سووریا بووە هۆی واڵاکردنی دەستی تورکیا، بەڵام ئەوە لە سەردەمی ئیدارەی بایدندا بەردەوام نابێت**

**لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ناوخۆی ئێستای عێراقیش، پێدەچێت کشانەوەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا دەرئەنجامێکی حەتمی بێت**

**بوونی حکومەتێکی سەختگیر لە تاران، بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبێت کە سازشێکی زۆر بۆ ئەمریکا بکات، بەتایبەتی کە ڕێبەری باڵا خامنەئی لەگەڵ ئەوەدا نییە سازشێکی زۆر بکرێت**

*** باوەڕێك لە ئارادایە، ئیدی ڕاست بێت یان گریمانە، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵی کشانەوەیە لەم ناوچەیە، ئەوە ئایا تا چەند ڕاستە و ئایا پەیوەندی بەوەوە نییە کە چیتر ئەم ناوچەیە بە چەشنی ڕابردوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا گرنگی نییە؟**

- من باوەڕم بەوە نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم ناوچەیە بە گرنگ نەبینێت بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی، چونکە مەسەلەکە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی نەوتەوە. تەنانەت ئەگەر ئێمە بە چەشنی ڕابردووش نەوت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەکڕین، ئەوا ئەگەر بێتوو وڵاتی ئێران، یان وڵاتانی دیکە کێشە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت دروست بکەن، ئەوا کاریگەری لەسەر ئابووریی جیهان دەبێت بە چەشنێك کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دواتر ئاسایشی ناوچەکە و بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی (بۆ نموونە توندڕەویی داعش)، بەرژەوەندییەکی ئەمنی گرنگە بەلەبەرچاوگرتنی بوونی هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا (هەر لە ئیسرائیلەوە تاوەکو سعودیە و وڵاتانی کەنداویش). نابێت دەستهەڵگرتن لە ڕۆڵی شەڕکردن بەوە لێك بدرێتەوە کە چیتر ئەمریکا بە گرنگییەوە لەم ناوچەیە ناڕوانێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرس یان ئەگەری گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا کرد، بەڵام هەروەك ئاشکرایە، بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئۆباما ڕێککەوتنەکەی واژۆ کرد و دواتر ئیدارەی ترەمپ لێی کشایەوە، ئایا بواری ئەوە ماوە هەنگاوی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە بهێنرێتەوەئارا؟**

- ئەمە تا ڕاددەیەکی زۆر بەندە بە سیاسەتی ناوخۆیی هەردوو وڵاتەکەوە (ئێران و ئەمریکا). یەکێك لە گەورەترین تراژیدیاکانی ڕۆژگاری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتی بوو لە لەباربردنی ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکە لەگەڵ ئێراندا، کە بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی موحافیزکارەکان لە هەردوو وڵاتەکەدا بۆ ئەوەی بەرهەڵستی هەر بەرەوپێشچوونێك بکەن لە نێوانیاندا. بوونی حکومەتێکی سەختگیر لە تاران، کە ئێستا چیتر ڕۆحانی لە دەسەڵاتدا نەماوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبێت کە سازشێکی زۆر بۆ ئەمریکا بکات، بەتایبەتی کە ڕێبەری باڵا خامنەئی لەگەڵ ئەوەدا نییە سازشێکی زۆر بکرێت. هەروەها کۆمارییەکانی نێو کۆنگرێسی ئەمریکا هەر سازشکردنێك لەلایەن بایدنەوە بەکار دەهێنن بۆ موزایەدەکردنی سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢دا. ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکە باش بوو لەبەر ئەوەی پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی گرێ نەدابوو بە بابەتە ناپەیوەندیدارەکانی دیکە (واتە پرسی وڵاتی یەمەن و سووریا و.. هتد). هەر هەوڵدانێکیش بۆ گرێدانەوەی ئەم پرسانە پێکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێککەوتنەکە لە مەحاڵ نزیك بێت. کەواتە ڕێچکەی بنیاتنەر لەم ڕووەوە کە بگیرێتەبەر بریتییە لە گەڕانەوە و پابەندبوون بە ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکەوە، دواتر ستراتیژیەتی ئیحتیواکردن و هاوکاریکردن بگیرێتەبەر لەگەڵ هاوپەیمانە ئیقلیمییەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالاکییەکانی ئێران (فرۆشتنی چەك، پشتیوانی بۆ گرووپە ڕادیکاڵەکان و.. هتد). لە ڕاستیدا سیاسەتێك نییە کە بۆ هەموو هەلومەرجێکی گونجاو بێت، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەدا گرنگترین کێشە بوو، ئەو پرسەشە کە بۆی هەیە لە کۆتاییدا سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکیی سەربازی. لەبەر ئەوە من زۆر گەشبین نیم بەوەی کە لە سایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی بێت، خۆ ئەگەر بێتوو گرێدانەوەی پرس و کێشەکانیش ببێتە مەسەلەیەکی سەرەکی، ئەو کاتە هیچ دەرفەتێك بۆ سەرکەوتن نامێنێت.

*** دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی هاوبەشی دیالۆگی ستراتیژی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق، ئایا هیچ ئاسۆیەك بەدی دەکەیت بۆ شەراکەتێکی ستراتیژی و درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- ئەمە بەندە بە ئیرادەی حکومەتی ئێستای عێراقەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە گرتنەبەری هاوبەشییەکی چالاك لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بارەی پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش، ئەمە سەرەڕای بەرهەڵستیی پارتە شیعەکان بۆ ئەم پەیوەندییانە. داخزانی عێراق بەرەو ناسەقامگیری لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە، هەروەك ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێکە لە ئەفغانستاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەمە بە ڕاستی پێویستی بەوەیە بەغدا ئەم هاوبەشییە بگرێتەبەر. ئەگەر هەنگاوی عەمەلییش هەڵنەگیرێت، ئەوا بەیاننامەکان لە پارچە کاغەزێك زیاتر نین.

دیمانەی تایبەت



**بێرنارد هەیکەل**

**پڕۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی پرینستۆن بۆ گوڵان:**

# کێشەی عێراق ئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی نییە و ئەمریکاش خەریکە ئەو وڵاتە جێ دەهێڵێت

**بێرنارد هەیکەل پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن و بەڕێوەبەری ئینستیتوتی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و ئاسیای ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، توێژەر و وانەبێژی مێژووی ڕۆشنبیری و، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بایەخێکی تایبەت بە ناوچەی کەنداو دەدات. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، کە تەوەرە سەرەکییەکان بریتی بوون لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و ناوچەی کەنداو بەتایبەتی و، چەند پرس و پەرەسەندن و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**ئەمریکا تۆمارێکی تێکەڵی هەیە لەم ناوچەیەدا، لەلایەک هۆکاری سەقامگیری بووە لە هەندێ بارودۆخ و هەلومەرجدا و لەلایەکی دیکەوە فاکتەرێک بووە بۆ هاتنەئارای ناسەقامگیری لە هەندێ پرس و حاڵەتدا**

*** با لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێ بکەین، بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە بارودۆخەکە بەرەو لێکترازان و لێکهەڵوەشاندنەوەی زیاتر دەڕوات، یان دەکرێت ئاڕاستە و ئاقاری هەلومەرجەکە بە بارێکی باشتردا ببردرێت؟**

- ڕاستە ئەمە پرسیارێکی زۆر گشتییە، لەبەر ئەوە باشترە کە ئێمە لەسەر ئاستی وڵاتەکان باس لە هەلومەرجەکە بکەین، کە دەبینین هەندێ وڵات بەراورد بە وڵاتانی دیکە لە دۆخێکی باشتردان، بۆ نموونە ئەگەر ئاماژە بە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بکەین، وەك قەتەر و کوەیت و سعودیە و ئیمارات، ئەوا دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین، کە ئەم وڵاتانە وەك وڵاتی سەقامگیر و تا ڕادەیەك گەشەکردوو دەمێننەوە، لە کاتێکدا ئایندەیەکی تاریك چاوەڕوانی وڵاتانی وەك لیبیا و لوبنان و یەمەن دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە لە ڕووی سیاسی و لەسەر ئاستی ناوخۆیی بە تەواوەتی دابەشبوون و سەرچاوەکانیشیان سنووردارن، کەواتە ئەگەر بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا ناوچەکە بە دوو ڕووگەی جیاوازدا دەڕوات، ئاراستەیەك بەرەو سەقامگیری و بەرەوپێشچوون و ئاراستەیەکیش بە ئاقاری پێچەوانەدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ئەزموونی وڵاتانی کەنداو کرد لە دەستەبەرکردنی سەقامگیریدا، ئایا ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەم وڵاتانە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەی سرووشتی؟**

- من باوەڕم وا نییە کە تەنیا سەرچاوەی سرووشتی هۆکارێك بووبێت، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە بتوانن سەقامگیری فەراهەم بکەن، بەڵکو هۆکاری ئەم سەقامگیرییە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك عەرەبستانی سعودیە بۆ سێ شت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بوونی نەوتە، دووەمیان بوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، واتە لە ڕووی سیاسییەوە سەرکردایەتییەکی دابەشبووت نییە لەو وڵاتەدا، سێیەم بریتییە لەو پارێزگارییەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستەبەری کردووە بۆ ئەو وڵاتە. کەواتە ئەم سێ فاکتەرە پێکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە ئەو سەقامگیری و سەرکەوتن بە خۆیەوە ببینێت کە بەدی دەکرێت، بەڵام ئەگەر لە وڵاتی عێراق بڕوانین، ئەوا ڕاستە ئەم وڵاتە نەوتی هەیە، بەڵام سەرکردایەتییەکی سیاسیی نایەکگرتووی هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش سەرقاڵی جێهێشتنی ئەو وڵاتەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینیت ناسەقامگیری باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە، چونکە دوو لەو سێ فاکتەرەی ئاماژەم پێ کردن، لە ئارادا نین لەم وڵاتەدا. هەروەها لە لوبنان، کە نە سەرچاوەی سرووشتی هەیە و نە پارێزگاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان ڕۆژئاوای هەیە و لە هەمان کاتدا سەرکردایەتییەکی نایەکگرتووشی هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پشێوی سەرتاپای ئەو وڵاتە بگرێتەوە.

*** ئێوە کەسێکی تایبەتمەندن لەسەر کاروباری ناوچەی کەنداو، ئایا چۆن لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و، ئایا ئەمریکا بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە مامەڵەی لەگەڵ کێشە و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیەدا کردووە؟**

- ئەمریکا تۆمارێکی تێکەڵی هەیە لەم ناوچەیەدا، لەلایەك هۆکاری سەقامگیری بووە لە هەندێ بارودۆخ و هەلومەرجدا و لەلایەکی دیکەوە فاکتەرێك بووە بۆ هاتنەئارای ناسەقامگیری

**ئەمریکییەکان پێیان وابووە کە دەبێت سەرجەم سەرچاوەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددیی چین تەرخان بکرێن، نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لە هەندێ پرس و حاڵەتدا. دواتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە ئەو تەحەددییەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەو وڵاتە دروست بووە، لە هەڵکشانی هێزی چینەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوە ئەمریکییەکان پێیان وابووە کە دەبێت سەرجەم سەرچاوەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددیی چین تەرخان بکرێن، نەك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان بەشێکی ئەم ناوچەیە، یان هەر تەحەددی و ناسەقامگیرییەکی دیکە، هەرچەندە من پێم وایە ئەم تێڕوانینەی ئەمریکا هەڵەیە، چونکە هێشتا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیی خۆی لە دەست نەداوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هەروەها بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانی جیهانیش. هەروها ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیار بدات کە لە ڕووی سەربازییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، ئەوا باجێکی زۆر قورس دەدات، چونکە ئەگەر ناسەقامگیری، یان پشێوی یانیش شەڕ لە ناوچەی کەنداودا بەرپا ببێت، ئەوا ئەمریکا ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەو تێڕوانینەی ئەمریکا هەڵەیە کە پێی وایە پێویستە پشت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت و تەنیا تەرکیز لەسەر هەڵکشانی هێز و تەحەددیی چین بکرێت، چونکە بۆی هەیە ئەمە سەربکێشێت بۆ ناسەقامگیرییەکی گەورەتر لەم ناوچەیەدا.

*** ئەی ناکۆکیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە دووبارە دەستپێکردنەوەی هەوڵ و گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك نوێ، یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی پێشوو، لەبارەی پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانەوە بۆچوونتان چییە؟**

- سەرۆك بایدن بە هەمان شێوەی باراك ئۆباما پێی وایە کە درەنگ، یان زوو، ئێران دەست لە ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکانی هەڵدەگرێت و دەبێتە وڵاتێکی ئاسایی و چیتر هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕشەکەی نادات، لەسەر ئەم بنەمایەش باوەڕیان وایە کە ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا هەنگاوی یەکەمە بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، بە تێڕوانینی من ئەمە بۆچوونێکی هەڵەی جۆ بایدن و باراك ئۆبامایە و، ئەمە بە هەڵە خوێندنەوەی سرووشتی دەسەڵاتە لە ئێراندا، چونکە ئەوەی لە ئێراندا هەیە، دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕییە و هیچ کاتێکیش دەست لە ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکانی هەڵناگرێت، چونکە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بووەتە سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعییەت بۆ نوخبەی حوکمڕانیی ئەو وڵاتە و، بناغەی ئەم ئایدیۆلۆژیایەش دەرکردنی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەگەری ئەوە هەبێت کە ئەمریکا بتوانێت «پەیوەندییەکی ئاسایی» دروست بکات لەگەڵ ئێراندا و ئەو کەسانەی نێو ئەمریکاش کە پێیان وایە ئەمە مومکینە، بە هەڵەدا چوون.

*** ئێوە توێژینەوە و شرۆڤەکاریی زۆرتان بۆ دۆخی سعودیە و بۆ پرسی قۆناغی ئاڵوگۆڕ لەو وڵاتەدا کردووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتەکانی شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمان-ـەوە، ئایا ئەم پرۆسەیە بە کوێ گەیشتووە و بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆی چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییە گشتییەکانی سعودیەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا، ئەوا محەمەد بن سەلمان ئەدایەکی باشی نەبووە، بەڵام ئەگەر لە سەر ئاستی ناوخۆیی لەم پرۆسەی گۆڕانکارییە بڕوانین، ئەوا سێ ڕەهەندی هەیە کە لە دووانیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ڕەهەندی یەکەمیان پەیوەستە بە کرانەوەی کۆمەڵایەتی، کە بەرجەستە دەبێت لە پێدانی مافی زیاتر بە ئافرەتان و کەمبوونەوەی نالێبووردەیی ئایینی و هەنگاوە هاوشێوەکانی دیکە، لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بەرنامەکەی خۆی بەرەوپێش ببات و، وڵاتەکەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، چونکە ئەگەر ئێستا سەردانی سعودیە بکەیت و لە چێشتخانە و کافێ و شەقامەکان بڕوانیت، ئەوا پتر لە عەممان دەچێت، ڕەهەندی دووەمییان بریتییە لە کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی دەسەڵاتی زیاتر لە دەستی خۆیدا، واتە بە مەرکەزیکردنی زیاتری دەسەڵات لە دەستی خۆیدا و بەرتەسکردنەوەی بواری ڕەخنەگرتن، کە لەمەشیاندا سەرکەوتوو بووە، ڕەهەندێ سێیەم بریتییە لە ستراتیژییەتی جۆراوجۆرکردنی ئابووری، واتە کارکردن بە ئاراستەی ئەوەی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەسترێت و، بواری پیشەسازی و بوارەکانی دیکە بەرفراوان بکرێت، کە ئەمەیان ڕوون نییە، ئایا سەرکەوتوو دەبێت یان نا، واتە هێشتا زووە حوکم لەسەر ئەمە بدەین.

**هێشتا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیی خۆی لە دەست نەداوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هەروەها بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەکانی جیهانیش**

**ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیار بدات کە لە ڕووی سەربازییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، ئەوا باجێکی زۆر قورس دەدات**



**دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی**

**ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# مامۆستایانی ئایینی ڕێگایان نەدا هەناردەی هزری نامۆ و توندڕەویی و توندوتیژی بهێنرێتە ناو کۆمەڵگەی کوردستانەوە و زیان بە ئیسلام و موسڵمانان و کورد بگەیەندرێت

## میللەتی کورد لەسەر عشقی ئیلاهی و تەسەوف و ڕەفتار و ئاکاری بەرزی مرۆڤایەتی پەروەردە کراوە و لە هزری نامۆی توندڕەویی و ڕەفتاری تیرۆرستی دوور بووە

## ئیسلام هەرگیز هزری نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاک و نیشتمانی ڕەت نەکردووەتەوە، تەنیا جۆرێک لە هزری نەتەوەیی ڕەت کردووەتەوە، کە دەمارگیری و توندڕەویی تێدایە

**کورد لە کۆنەوە خاوەنی هزری میانڕەوی و ڕێزگرتنە لە ئایین و ئایینزاکان، ئەمەش لە هزری نەتەوەیی و ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بۆی ماوەتەوە. لە کوردستانیش مزگەوت و خانەقا و تەکیە و حوجرە شوێنی پەروەردەکرن و فێرکردنی ڕەفتاری بەرزی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەری بووە، هەروەها ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان بەردەوام ڕەفتاری بەرزی تاکی کورد بووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر مەلا ئەنەس دۆسکی ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان کردو، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بووە، ئایا لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- بە ناوی خودای گەورە و دلۆڤان؛ دەستپێك ڕەحمەت بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان دەخوازم، کە بە دەستی تیرۆریستانی داعش و توندڕەوەکان شەهید بوون و ئینشاڵڵا جێگەیان بەهەشتی بەرین دەبێت. ئەم شەهیدانە هەڵگری بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان بوون، لە مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان

**دەمێکە باوک و باپیرانمان لەوە تێگەیشتوون؛ ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان ناوەڕۆک و بنەما سەرەکییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و شەرعییەتی ئیسلامە**

**زۆر ئاساییە لە ڕووی شەرعی ئیسلامەوە کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە لە جوگرافیایەکی تایبەت بژی و خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و سوود لە کەلتوور و زمان و سامانی خۆی وەرگرێت**

فێری ئەم کەلتوور و ڕەفتارە بەرز و پیرۆزە بوون. میللەتی کورد لەسەر عشقی ئیلاهی و تەسەوف و ڕەفتار و ئاکاری بەرزی مرۆڤایەتی پەروەردە کراوە و دوور بووە لە هزری نامۆی توندڕەویی و ڕەفتاری تیرۆرستی. کاتێك لە دوای ئەنفال ٤٥٠٠ گوند و شارو شارۆچکە لە تەواوی کوردستان وێران کران، واتا زیاتر لە٤٥٠٠ مزگەوت وێران کران و زیانێکی گەورەیان بە ژێرخانی کوردستان گەیاند، ئەو سەردەمەش میللەتی کورد بیری لە تۆڵەکردنەوە نەکردەوە و دووریشی نەخستەوە لەم پەروەردە جوانەی ناو حوجرەی مزگەوتەکان، بگرە مامۆستایانی ئایینی ڕێگایان نەدا هزری نامۆ و توندڕەوی و توندوتیژی بهێنرێتە ناو کۆمەڵگە و بە ناوی ئیسلامی سیاسی و هەناردەکردنی فکری نامۆ، زیان بە ئیسلام و موسڵمانان و کورد بگەیەندرێت، دەمێکە باوك و باپیرانمان لەوە تێگەیشتوون؛ ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان ناوەڕۆك و بنەما سەرەکییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و شەرعییەتی ئیسلامە.

*** زۆربەی ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەڵکەوتوون و ڕێبەرایەتیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، ئایا شەرعییەتی سەربەخۆبوونی کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- ئیسلام هەرگیز هزری نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاك و نیشتمانی ڕەت نەکردووەتەوە، تەنیا جۆرێك لە هزری نەتەوەیی ڕەت کردووەتەوە، کە دەمارگیری و توندڕەویی تێدایە، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، واتا ئێوەمان لە دایك و باوکێك دروست کردووە و هەر یەکێك ناسنامەیەکمان پێداون و نەتەوە و هۆز و تیرەمان بۆ دروست کردوون، بۆ ئەوەی خۆتانی پێ بناسنەوە و دژایەتی یەکتر نەکەن، باشترینتان لای خودای گەورەو میهرەبان ئەوەیە کە لە هەمووتان بە تەقواترە و تەرازووی گرانترە. پێغەمبەرمان پێشڕەومانە بۆ ئێمە تاوەکو چاوی لێ بکەین و ڕێز لە نەتەوە و خاك و نیشتمانی خۆمان بگرین و زمانی کوردی بپارێزین، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ إِلَّا بِالتَّقْوَى..)، واتا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی و بیرو هزری نەتەوەییدا هەیە، هەموو نەتەوەیەك پێناسە و ناسنامە و کەلتووری خۆی هەیە، بە نەتەوایەتی ئەرێنی لە ئیسلام دادەنرێت و دەبێت بپارێزرێت، پێغەمبەرمان(د.خ) دەفەرموێت: (اعْرِفُوا أَنْسَابَكُمْ تَصِلُوا أَرْحَامَكُمْ) واتا دەبێت هەموو کەسێك ئەسڵ و نەسەبی خۆی بزانێت بۆ ئەوەی ڕەحم و بەزەیی لەناویاندا بێت، بەپێچەوانەوە هەر کەسێك نەسەبی خۆی ئینکار بکات، بە گوناح و تاوانە گەورەکان دادەنرێت، کاتێك پێغەمبەر(د.خ) لە مەککە دەرچوو، فەرمووی: (وَاللَّهِ إِنَّكِ لَخَيْرُ أَرْضِ اللَّهِ، وَأَحَبُّ أَرْضِ اللَّهِ إِلَى اللَّهِ، وَلَوْلَا أَنِّي أُخْرِجْتُ مِنْكِ مَا خَرَجْتُ) واتا بە وەڵا ئەگەر خەڵکی تۆ منی دەر نەکردایە، من لە مەککە دەرنەدەچووم). (وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلا فِيهَا نَذِيرٌ - وَما كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا..) واتا هەموو نەتەوە و هۆزێك خودای گەورە و میهرەبان پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون، ئەی ئەوە نییە لە قورئاندا هاتووە: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ...)، لە بەر ڕۆشنایی ئەو دوو ئایەتەی قورئانی پیرۆز، بۆمان بەدیار دەکەوێت میللەتی کورد پێغەمبەری خۆی هەبووە، بە هاوشێوەی هەموو میللەتانی دیکە، لە شەریعەتی ئیسلام ڕێز لە کەلتووری میللەتانی دیکەش گیراوە، پێغەمبەر (د.خ) هەر نەتەوەیەك هاتووەتە لای، هەوڵی ئەوەی داوە وشە و زمانی ئەوانیش بەکار بهێنێت، تەنانەت لە هەندێك فەرمووده وشەی فارسی بەکار هێناوە. ئیسلام و شەرع ڕێگر نییە لەوەی هەر نەتەوە و میللەتێك سوود لە سامانی سەر زەوی و ژێر زەویی خۆی وەرگیرێت و، سوودی پێ بگەیەنێت، تەنانەت لە زەکاتدا نابێت تا هەژارێك لە شارەکەی تۆ هەبێت، تۆ بچیت لە شارێکی دیکە زەکات بدەیت، زۆر ئاساییە لە ڕووی شەرعی ئیسلامەوە کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە لە جوگرافیایەکی تایبەت بژی و خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت و سوود لە کەلتوور و زمان و سامانی خۆی وەرگرێت. تەنانەت لە ڕووی شەرعەوە هەر کەسێك جێگای یەکێکی دیکە داگیر بکات، نوێژی لەسەر حەرامە و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی موسڵمانان هەمووی هاریکاری بکەن بۆ گەڕانەوەی زەوییە زەوتکراو

و داگیرکراوەکانی، لەبەر ئەمەیە لە کۆنەوە زاناو ماموستا و مەلای کورد شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ بوون و نەیانهێڵاوە دەستدرێژی بکرێتە سەر خاک و ماڵ و ناموسی کوردان.

*** سالانێکە بە هۆکاری سیاسی بێت، یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی موسڵمانیەتی کوردستان، هاتووەتە کوردستانەوە، ئەویش دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

- توندڕەویی و تیرۆر زیانی گەورەی بە گەلی کوردستان و ڕۆڵەکانمان گەیاندووە، ئەمەش بۆ ناحاڵیبوون لە ئیسلام و بەکارهێنانی توندڕەوەکان دەگەڕێتەوە دژ بەم گەلە مەزڵوومە. بەداخەوە ناو بە ناو بە مەبەست و مەرامی جیاجیا ئەم فکرە توندڕەوە لەناو گەلانی موسڵماندا سەرهەڵدەدات، گەلی کوردستانیش لە فکری ئیسلامی سیاسی و توندڕەوی بێبەش نەبووە، ئەو فکرەی نەک تەنیا زۆر وڵات و لایەنی سیاسی بەکاری دەهێنێت، بۆ لەخشتەبردنی موسڵمانان و بەکارهێنانیان دژی گەلی کوردستان، بەڵکو زیانێکی گەلێک مەزنی لە گەلی کورد و هەموو موسڵمانانی جیهان و ڕەسەنایەتی و پیرۆزیی ئایینی ئیسلام داوە، ئەو ئایینەی بۆ مرۆڤایەتی هاتووەتە خوارەوە، ئایینی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتنە لە مرۆڤ بەجیاوازی ئایین و ئایینزاکانیەوە.

بۆ خۆپاراستن لەتەشەنەکردنی توندڕەوی ئایینی و توندوتیژی تەنیا بەلایەنی سەربازی نابێت، چونکە هزری توندڕەویی و توندوتیژی بە پێچەوانەی بنەما پیرۆزەکانی ئیسلام و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (د.خ) و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و دەمانباتە واقیع و حاڵەتێکی ترسناک، زۆر لەوانەی دوای ئەم فیکرە توندڕەویی و ئیسلامی سیاسییە کەوتوون، لەو واقیعە حاڵی نەبوون، بەوەی هزری توندڕەویی هەرگیز خزمەتی بە ئایینەکەمان و مرۆڤایەتی و موسڵمانان و کورد نەگەیاندووە.

ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمان و مەلا و ماموستایەکی ئایینییە پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی ئیسلامی دروست نیشانی خەڵکی بدرێت، ئەو ئیسلامەی خودای گەورە و میهرەبان بە پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) واتا ئێمە تۆمان ناردووە بۆ ئەوەی ببیتە ڕەحمەت بۆ هەموو خەڵکی، ئەمەش بەو واتایە دێت، ئیسلام ئایینی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ڕێزگرتنە لە هەموو ئایین و ئایینزاکان، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ). لەم فاکتەرەوە ئیسلامی دروست ئەوەیە شەڕی تیرۆر و تیرۆرستان بکات، چونکە خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان داوامان لێ دەکات پارێزگاری لە مرۆڤایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و موسڵمانان بکەین. بەداخەوە هەندێکجار کەسانێك دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن لە ڕوانگەی ئەو کەسە توندڕەو و تیرۆریستانەوە لە کاتێکدا ئەوانە بەرین لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

هزری توندڕەویی ئەوە دەخوازێت کە خەڵکی بکات بە دوژمنی یەکتر و هانی ئاژاوە و ئاشووب و شەڕو پێکدادان دەدات، چونکە ئەو هزرە توندڕەوییە لە ناو ژینگەیەکی نائارام و پڕ لە قین و ڕق و کۆمەڵگەیەگی لاواز گەشە دەکات و، سوود لەو واقیعە خراپەی ناو کۆمەڵگە هەژارەکانیش وەردەگرێت، کە هەژاری و بێکاری و نادادپەروەری تێدایە.

**هزری توندڕەویی ئەوە دەخوازێت کە خەڵکی بکات بە دوژمنی یەکتر و هانی ئاژاوە و ئاشووب و شەڕو پێکدادان دەدات**

سوپاس بۆ خودا ڕەسەنایەتیی ئەم میللەتە و بەرزیی ئاستی تێگەیشتنی کورد و ئەو مێژووە دەوڵەمەندەی لە هزری ئیسلام و شەرعییەتی ئیسلام هەیبووە، یارمەتیدەر بووە بۆ ڕێگرتن لە هێنانە ناوەوەی فکرە توندڕەوە ناشرینەکان، هەمووان پێکەوە دەبێت ڕێز لە مرۆڤایەتی و کوردایەتی و پاراستنی کیان و خاک و نیشتمان بگرین، ئەمەش ئەرکی هەموو زانایان و ماموستایان و پیاوانی ئایینی و ئایینزاکان و تەنانەت حکومەت و پەرلەمان و وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکانە، بۆ نموونە ئەرکی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵایە ڕاست و دروستیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئایینی پێکەوەژیان و لێبووردەیی نیشانی گەنجەکان بدەن. دەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگی بەو مەلا و ماموستا ئایینییانە بدەن کە خاوەنی فکری میانڕەو و ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، هەرچی کەسانێکیش هەن، کەوا هەڵگری فکری توندڕەویی و توندوتیژی بوون، ڕێگایان پێ نەدرێت، ژەهری فیکرە توندوتیژییەکە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا بڕژێننە ناو گەنجەکان و دروستیی ئایینەکەمان بە لاڕێدا ببەن.

**ڕەسەنایەتیی ئەم میللەتە و بەرزیی ئاستی تێگەیشتنی کورد و ئەو مێژووە دەوڵەمەندەی لە هزری ئیسلام و شەرعییەتی ئیسلام هەیبووە، یارمەتیدەر بووە بۆ ڕێگرتن لە هێنانە ناوەوەی فکرە توندڕەوە ناشرینەکان**



مونا یوحەننا یەعقوب

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی جەخت دەکاتەوە کە نابێت دیمۆگرافیای نیشتەجێی کریستیانەکان بگۆڕدرێت

**مونا یوحەننا یەعقوب، سەرۆکی تازەدەستبەکاربووی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان رای وایە ئەم زاراوەیە لای ئەو، بە واتای رێزگرتنە لە بەرانبەر، لەگەڵ هەبوونی جیاوازی و بیروباوەڕ، هاوکات دوورکەوتنەوەیە لە دەستوەردان لە کاروباری کەسانی جیاواز لە خۆت، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە کێشە لە هیچ یاسایەکدا نییە کە تایبەت بە مافی پێکهاتەکان دەرچوویێت، بەڵکو کەموکووڕی لە جێبەجێکردندایە، ئەمە وێڕای چەندین بابەتی دیکە کە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گوڵاندا خراونەتە ڕوو.**

**دیمانە: مەریوان نەقشبەندی**

*** چۆن بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی پێکەوەژیان دەکەیت؟**

- من ئەم بابەتە زۆر بە گرنگ دەبینم، پێکەوەژیان لای من ئەوەیە کە ڕێز لە بەرانبەرم بگرم، تەنانەت ئەگەر جیاوازییەکی زۆریشی لەگەڵمدا هەبێت و، ئەگەر بڕوام بەو جیاوازییەش نەبێت، کە ئەو هەیەتی، یان ئەو بیروباوەڕەی کە ئەو دەپارێزێت، بەڵام ئەوە کاری من نییە کە بێم ئەو بیر و باوەڕە هەڵبسەنگێنم، یان ڕای خۆم بە خودی ئەو بیروباوەڕە بدەم، بەڵکو پێویستە ڕێز لەو بیروباوەڕە بگرم و دەست وەرنەدەمە ئەو جیاوازییەی لەگەڵ مندا هەیەتی، چونکە جیاوازی بنچینەی ژیانە، ئەگەر بڕوانینە کتێبە ئاسمانییەکان، دەبینین کە زۆربەیان باسی پێکەوەژیانیان کردووە، خودای گەورەش خۆی ئاگاداری ئەو جیاوازییەیە، ئێمە هەموومان یەك ئایین و یەك نەتەوە نین و بە یەك زمان قسە ناکەین، بەڵام هەر دەبێت پێکەوەبژین و هیچ چارەی دیکەمان نییە، ئەگەر ڕێی دیکەمان هەڵبژارد بۆ پێکەوەژیان، لە ڕێی ئەوەی کە زۆرینەیەك بیەوێت کەمینەیەك لەناو ببات، یان بە زۆری بیهێنێتە سەر ئایینەکەی خۆی، یانیش نەتەوەی خۆی، دەبینین ئەو جۆرە سیاسەتانە شکست دەهێنن، بۆ نموونە لە هەندێ وڵات کە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردووە، هیچ کات سەرنەکەوتوون، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ ئێمە ڕوو لە سەقامگیری و ئارامی بکەین، ئەمەش تەنیا بە ڕێزگرتن دەبێت.

*** لە ئێستادا کە ناوچەکە و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێکی نالەبار و ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی و مەزهەبیدا تێدەپەڕێت، لە هەرێمی کوردستان چۆن ئەو پێکەوەژیانە و مافەکانی مرۆڤ دەبینن؟**

- ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان

**ئەگەر بڕوانینە کتێبە ئاسمانییەکان، دەبینین کە زۆربەیان باسی پێکەوەژیانیان کردووە، خودای گەورەش خۆی ئاگاداری ئەو جیاوازییەیە**

**ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدایە، دەبینین ڕەوشی ئێمە لە ڕووی ئارامی و سەقامگیرییەوە زۆر لەوان باشترین**

**لە بەغدا زۆر شوێن تایبەت بە کریستیانەکان هەبوون، وەک دۆرە، حەی ئاسوریین، یان لە کەرکووک زۆر ناوچە و گەڕەک هەبووە وەک مەسیحیی عەرەفە و ئەڵماس کە کریستیانی زۆر تێدا بووە، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو شوێنانە بکەین، دەبینین تەنیا دوو سێ ماڵیان تێدا ماوە**

بکەین لەگەڵ ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدایە، دەبینین ڕەوشی ئێمە لە ڕووی ئارامی و سەقامگیرییەوە زۆر لەوان باشترین، سەبارەت بە کەمینەکان بەراورد بە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، ئەو سەقامگیرییەی لێرە هەیە، هاندەر و پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ژیان، یان گواستنەوەی کارەکانیان بۆ هەرێم، تا بە ئارامی لێرە بژین، بۆیە بارودۆخی ئێرە زۆر باشترە، بۆ نموونە لە بەغدا زۆر شوێن تایبەت بە کریستیانەکان هەبوون، وەك دۆرە، حەی ئاسوریین، یان لە کەرکووك زۆر ناوچە و گەڕەك هەبووە وەك مەسیحیی عەرەفە و ئەڵماس کە کریستیانی زۆر تێدا بووە، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو شوێنانە بکەین، دەبینین تەنیا دوو سێ ماڵیان تێدا ماوە، ئەمەش شتێکی زۆر ناخۆشە بۆ ئێمە، بۆیە ئەوانە یان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، یان دەرفەتیان هەبووە ڕوو لە دەرەوەی عێراق و هەندەران بکەن و لەوێ بژین، یەکسەر هەموو شتیان فرۆشتووە و ڕۆیشتوون، بۆ من وەك کریستیانێك زۆر مەترسیدارە و زۆریش پێی خەمبارم، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەمان لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، لە بەرانبەریشدا کەس چارەسەری بۆ ئەم دۆخە نەدۆزیوەتەوە، من ناڵێم چارەسەریان پێ بووە و نەیاندۆزیوەتەوە، بەڵام هەندێ جار تەنیا پێویستمان بە قسەیەکی خۆش بووە کە ویستوومانە یەکێك لە بەرپرسەکان بیکەن، بەڵام نەیانکردووە، بەتایبەتی دەبینین کاتێ دەوڵەتانی وەك کەنداو، فەرەنسا، ئوسترالیا ڕایانگەیاندووە کە سنووریان واڵایە بۆ پێشوازیکردن لە کریستیانەکان، بەڵام حکومەتی عێراق هەڵوێستی نەبووە کە پابەند بێت بە کریستیانەکان، وەك ڕەنگێك لە ڕەنگە ڕەسەنەکانی عێراق، بەو واتایەی مانەوە و نەمانەوەمان لای ئەوان هەمان شتە، بەڵام من پێموایە کە ئەرکێکی پیرۆزە و دەبێت ئەو دەسەڵاتدارانە وا بکەن کە هەموو ئەو ڕەنگانە لە عێراق، یان لە هەرێم هەبن، ئەگەر هاتوو ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لەو ئایین، یان نەتەوانە هیچیان لەناو ئەو وڵاتە نەمێنێت، وەك (جوو) کە ڕەنگە تەنیا دە کەسێکیان لە بەغدا مابن، وەك ئەوەی کە گوێم لێ بووە، هەروەها سابیئەی مەندائی کە ژمارەیان زۆر کەم بوونەتە و خەریکە نامێنن، ئەمەش بەو واتایەیە کە ئەم حکومەتە شکستی هێناوە لە پاراستنی مافی ئەوانە، بۆیە وای کردووە کە کەسیان لێرە نەمێنن، پوختەی قسەکانم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکێکە لەسەر شانی حکومەت ئەو ڕەنگاوڕەنگییە لە عێراق بپارێزێت، بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان. لێرە زۆر جار گوێمان لێ بووە کە پێکەوەژیان مەسەلەیەکی گرنگە و بایەخی پێ دەدرێت، بەتایبەتی سەرۆك مسعود بارزانی کاتێك سەرۆکی هەرێم بوو، زۆر باسی پێکەوەژیانی کردووە و لای ئەو شتێکی زۆر گرنگ بووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کێشەمان نییە، بەڵکو کێشەی زۆریشمان هەیە، بەداخەوە هەندێك لەو کێشانە کە دەگەنە لای بەرپرسەکان، بەڵام چارەسەریان بۆ نادۆزنەوە، هەندێ جار تەنیا بەڵێنمان پێ دەدەن، بۆ نموونە پەنجا کێشەی زەویمان لە گوندەکانی ئاشووری هەیە، کە زیاتر لە دەوروبەری دهۆکن، ئەو کێشانە هەر بەردەوامن و هیچ چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە، هەروەها کێشەی کۆتامان هەبووە، چەندین جار گوتوومانە کۆتای پەرلەمان، سوپاستان دەکەین کە ئەو یاسایەتان دەرکردووە و ئێمە وەك کریستیانی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی کوردستان شەش کورسیمان هەبێت، بەڵام ئێمە داوامان کردووە کە خۆمان دەنگیان پێ بدەین و هەڵیانبژێرین، کە نوێنەری ئێمە بن، نەك نوێنەری حزبە گەورەکان بن، کە ئەوان دەنگیان پێ دەدەن، بەداخەوە تا ئەمڕۆ هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە، زۆربەی ئەو کورسییانەش زیاتر گوزارشت لە حزبە گەورەکان دەکەن نەك ئێمەی کریستیان لە کلدو ئاشووری و سریانی ناو هەرێمی کوردستان، هیوادارم ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، نەك هەر بەڵێن بێت و بەڵێنەکانیش جێبەجێ نەکرێن.

*** ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون تایبەت بە مافی کەمایەتییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، تا چەند کاریگەرییان هەبووە، ڕەنگە دوا یاسا لە ساڵی ٢٠١٥ دەرچووە و مێژوویەکی**

**زۆر کۆن نییە، ئایا ئەوەی کە هەیە بەسە، یان چ هەنگاوێك بنرێت بە مەرجێ ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق، چونکە ئێمە ئێستا بمانەوێ یان نا، بەشێکین لە عێراق و نابێت یاسایەك دەربچێت، پێچەوانەی ئەوێ بێت، یاساکان چۆن دەربچن و چ بکرێت کە کرانەوە هەبێت تا مافی پێکهاتەکان زیاتر لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکرێت؟**

- باسی یاسای پاراستنی پێکهاتەکانت کرد لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٥، سەبارەت بەو یاسایە من زۆر جار لەگەڵ کونسوڵگەران، یان ئەو پەرلەمانتارانەی وەك هۆڵەندا و ئەوروپا کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان باسی مافی خۆمم کردووە، کە لەسەر داوای ئەوان لەگەڵیان دانیشتووم، یەکەم قسەیان ئەوە بووە کە یاساکەتان هەیە نموونەییە و هاوشێوەی نییە لە هەموو وڵاتەکانی دنیا، پێم گوتن راستە لە رووی میدیا ئەو یاسایە بە زەقی دەرچووە و شتێکی زۆر گرنگە، بەڵام لە رووی واقیعییەوە ئایا ئێمەی کەمینەکان سوودمەند بووین لەو یاسایە و هیچ گۆڕانکاریی باشی کردووەتە سەر رەوشی ئێمە؟ بە رای من ئەو یاسایە شوێنی خۆی نەکردووەتەوە لە ناو هەرێمی کوردستان، چونکە زۆربەی ئەو مافانەی تێیدا باس کراون، کە من خۆم لە نووسینی رەشنووسەکە بەشداربووم و لە بنەڕەتدا خۆێشم نووسیومە، دواتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان دانیشتین و گفتوگۆمان لەسەر کرد، کێشەی ئەو یاسایە ئەوەیە کە شتی جوانی تێدایە، بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو مافانە نییە، بۆ نموونە دەڵێت، ناکرێت گوتاری رق و کینە لەلایەن پیاوانی هەر ئایینێك دژ بە هەر ئایینێك، یان نەتەوەیەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکرێتەوە، باشە ئەگەر کرا، ئایا هیچ رێکارێکی یاسایی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟ نەخێر، هەروەها باس لە گۆڕانکاریی دیموگرافی دەکات کە بەردەوامە و تا ئێستاش هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە زمانی ئێمە لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتووانی کریستیانن، بکرێتە زمانی بنەڕەتی، بۆ نموونە عەنکاوە، بەڵام پێشتر ئەو مافەمان هەر هەبوو لە یاسایەکی دیکە کە هەر لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و پێی دەڵێن (یاسای زمانە فەرمییەکان)، مەبەستم ئەوەیە ئەو یاسایە دەبێت بەهێز و هەموار بکرێتەوە، تا هەندێك میکانیزم و زەمانەت لەو یاسایە زۆر بە جوانی روون بکرێتەوە، ئەگەرنا، لای من مانەوە و نەمانەوەی هەمان سوودی هەیە، هەندێ جاریش کێشەکە لە یاساکە نییە، بەڵکو لە جێبەجێکردنیدایە، بۆ نموونە ماددەیەکمان هەیە ژمارە (٣٧٢) لە یاسای سزادانی عێراقی کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە، یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ لە عێراق دەرچووە، ئەو ماددەیە چەندین بڕگەی تێدایە، کە هەموویان باسی پێکەوەژیانی ئایینی دەکەن، کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەك ئایینێك، یان کەسێك، یان پیاوی ئایینی تەنیا بە قسەکردن، یان بە ئیشارەت، یان بە وێنەیەك پیرۆزیی ئایینێکی دیکە لە عێراق، یان لەناو هەرێمی کوردستان بە خراپی بەکاربهێنێت، بۆ نموونە (خاچ - صلیب) کە شتێکی پیرۆزە لای کریستیانەکان، نابێت وێنەیەکی بە مەبەستێکی ناشیرین بکرێت، یان قسەیەك بکرێت لە کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان بۆ گاڵتەپێکردن، من ئەو چەند ساڵە وەك چالاکێکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەم، تا ئێستا گوێم لێ نەبووە کەسێك سزا بدرێت، چونکە لە ناو ئەو ماددەیە سزا هەیە بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات، بۆیە کێشەکە لە یاساکەدا نییە، بەڵکو لە جێبەجێکردنیدایە، واتا ئێمە لێرە کێشەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یاسامان هەیە، بەڵام بێ میکانیزمە، هەروەها یاسایەکمان هەیە کە سزای داناوە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت، من ناڵێم کەموکووری لە یاساکە، یان لە پەرلەمان، یانیش لە خودی دەسەڵاتی دادوەرییە، لەوانەیە کەموکورییەکە لە داواکاری گشتی بێت، چونکە ئەو ماددەیەیان ئەکتیڤ نەکردووەتەوە، یان کەموکورییەکە لە خودی کەمینەکانە، چونکە داوایان بەرز نەکردووەتەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان، کەواتە کەموکووریی زۆر هەیە، ئەو کەموکورییە بە رای من کێشەیەکی بنەڕەتیی تێدایە کە پێی دەگوترێت هۆشیاری، هۆشیاریی نییە بە یاساکان و بە مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

**بە شێوەیەکی گشتی رۆژ بە رۆژ ژمارەمان لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، لە بەرانبەریشدا کەس چارەسەری بۆ ئەم دۆخە نەدۆزیوەتەوە**

**ئێمە لێرە کێشەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یاسامان هەیە، بەڵام بێ میکانیزمە، هەروەها یاسایەکمان هەیە کە سزای داناوە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت**

**لە رووی یاسایی و سیاسییەوە دەبێت هەر یەکە بە پێی پسپۆڕیی خۆی رۆڵی هەبێت لە چارەسەری کێشەی کەمینەکان، بەڵام ئەوەی دەیبینم ئەوەیە کە هیچ لایەنێک ئەوە بە ئەرکی خۆی نازانێت**

**زۆرمان ماوە بە دیاریکراوی لەم بوارەدا تا پێش بکەوین، چونکە دەزانین کە مافمان لە زۆر شت هەیە، بەڵام نازانین چۆن داوای بکەین**

**هەستی (یەک گیانی) شتێکی گرنگە، لەوانەیە زۆر کێشەمان بە ئاسانی بۆ چارەسەر بکات، ڕەنگە من وەک کەمینە هەمبێت، بەڵام ئەوەی بەرانبەرم، چونکە زۆرینەیە و خۆی بە بەهێز دادەنێت، ڕەنگە نەیبێت**

**ئەوەی لە ماددەی (١٤٠)دا هاتووە، کە بە چەند قۆناغێک بکرێت، یەکەم شت دەبێ بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە لە ڕووی ئەمنی و ئابووری، چونکە ئەو دووە بنەمای سەرەکین بۆ مانەوەی هەر پێکهاتەیەک لە هەر شوێنێک بێت**

*** ئەو هۆشیارییە ئەرکی کێیە کە بیکات، کاری حکومەتە، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؟**

- ئەرکی هەموومانە، من پێشتر پەیوەندیم نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ وەك دەزگایەکی فەرمی ئەرکێکی قورسە لەسەرم کە هۆشیاریی لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکەم، لە ناو ئەو مافانەش مافی کەمینەکان، دەبێت کار بکەین لەسەر هەموو ئاستەکان، میدیا ئەرکیەتی کە ئەم شتانە بڵاو بکاتەوە، پەرلەمانیش ئەرکی لەسەرە کە زیاتر گرنگی بەو یاسایانە بدات، کە تایبەتن بە کەمینەکان، هەروەها زانکۆکان کە ئەرکی بنەڕەتییان لەسەرە کە تویژینەوە بکەن و شت بڵاوبکەنەوە کە پەیوەندییان بەو کێشانەوە هەیە، کە دەڵێین لەناو هەرێم هەمانە، لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە دەبێت هەر یەکە بە پێی پسپۆڕیی خۆی ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەری کێشەی کەمینەکان، بەڵام ئەوەی دەیبینم ئەوەیە کە هیچ لایەنێك ئەوە بە ئەرکی خۆی نازانێت، هەروەها ئەو هەموو (ئێن جی ئۆ)یانە کە لە هەرێم هەن، چ ناوخۆیی، یان نێودەوڵەتی، دەبێ هۆشیاری دەربارەی ئەو یاسایانە بڵاوبکەنەوە، کێشەی ئەو ڕێکخراوانە زیاتر ئەوەیە کە ئەوان هەمان کەسن بانگهێشت دەکرێن بۆ فڵانە ڕێکخراو، تا باسی فڵانە ماف بکرێت، هەروەها هەمان کەس ڕێکخراوێکی دیکە بانگهێشتیان دەکات، تا باسی مافێکی دیکە بکەن، باشە ئەدی کەسانێکی نەناسراو، یان ئاسایی لە ناو ماڵ، یان لە ناو کۆمەڵگەن و نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە لە وۆرك شۆپێك، یان کۆنفرانسێك بەشدار بن، ئەوان چۆن بگەنە ئەو کەسانە تا باسی مافی خۆیانیان بۆ بکەن، بۆیە زۆرمان ماوە بە دیاریکراوی لەم بوارەدا تا پێش بکەوین، چونکە دەزانین کە مافمان لە زۆر شت هەیە، بەڵام نازانین چۆن داوای بکەین.

*** شتێك هەیە پێی دەڵێن (یەك گیانی- التضامن الروحي)، پێکهاتەکان لە هەموو ئایینەکان جۆرە هەست و ڕۆحێکی پێکەوەژیانیان هەیە، ئایا ئەمە لە کوردستان دەکرێت، بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی مافەکانی مرۆڤ، کێشەی ژینگە، هەتا کێشە سیاسییەکان، وەك کەسایەتییەکی ئاشوور و کریستیان و باوەڕدارێك، ئەمە چۆن لە ناو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەبینیت؟**

- هەستی (یەك گیانی) شتێکی گرنگە، لەوانەیە زۆر کێشەمان بە ئاسانی بۆ چارەسەر بکات، ڕەنگە من وەك کەمینە هەمبێت، بەڵام ئەوەی بەرانبەرم، چونکە زۆرینەیە و خۆی بە بەهێز دادەنێت، ڕەنگە نەیبێت، هەندێ کەسیش بە تێڕوانینێکی توندڕەوانە تەماشای ئەوانی دیکە دەکات لە ناو هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم تێڕوانینە کەموکووڕی و کێشە دروست دەکات و دەبێت لە ناو هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت.

*** ماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەیە، کە ناوچەیەکی فراوان لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە، هێشتنەوەی ئەو ماددەیە بە جێبەجێنەکراوی تا چەند زیانی بۆ پێکەوەژیان و مانەوەی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەیە؟ ئایا پێت باشە ئەو ناوچانە ئیدارەیەکی جیاوازیان هەبێت لە ئیدارەی هەرێم و بەغدا، یان سەر بە هەرێمی کوردستان بن، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

- من زۆر حەز ناکەم لە سیاسەت بدوێم، بەڵام پێم باش نییە پارێزگا، یان ئیدارەی سەربەخۆ بن، یان هەر بەو شێوەیە بمێننەوە، یان سەر بە حکومەتی فیدراڵ یان هەرێمی کوردستان بن، بژاردەی زۆریان لەپێشە، بەڵام ئەوەی لە ماددەی (١٤٠)دا هاتووە، کە بە چەند قۆناغێك بکرێت، یەکەم شت دەبێ بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە لە ڕووی ئەمنی و ئابووری، چونکە ئەو دووە بنەمای سەرەکین بۆ مانەوەی هەر پێکهاتەیەك لە هەر شوێنێك بێت، دوای ئاساییکردنەوە، کە بەداخەوە تائێستا نەکراوە، دواتر سەرژمێرییەك بکرێت بۆ زانینی ژمارەی کوردو کریستیان و شەبەك و تورکمان و تا دوایی، لە کۆتاییدا ڕاپرسییەك بکرێت و بزانن ڕای ئەوانە چییە و چەند ئەگەر و بژاردەیەکیان بۆ ڕوون دەکەینەوە، تا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. واتا سێ قۆناغە، ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی، بۆیە ئەو ماددەیە هەر چەندە دادگای فیدراڵی بڕیاری بۆ دەرکرد، کە ئێکسپایەر نەبووە، بەڵام بەپێی دەستوور کە

تەماشای دەکەیت، سەقفێکی زەمەنیی هەبوو، کە ئەو سەقفەی تێپەڕاند، واتە ئەو ماددەیە کەموکوورِییەکی دەستووریی تێدایە، من وەك کەمینەیەك، وەك یاساناسێك قسە دەکەم، لێرەدا ناکرێت شتێك ببینم، دەستووری نەبێت و بڵێم دەستوورییە، دادگای فیدراڵی ماوەیەکی دانا بۆ ئەوەی ماددە ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە داخەوە تا ئەمرۆ ئەم ماددەیە کارا نەکراوەتەوە، چارەنووسی ئەم شوێنانەش بە نادیاری ماوەتەوە، بۆیە کێشەکە سیاسییە و سنووری یاسایی خۆی تێپەڕاندووە.

*** باسی ئەوەت کرد کە سەرۆك مسعود بارزانی کاتێك سەرۆکی هەرێم بوو، گرنگییەکی زۆری بە پێکهاتەکان دەدا، یەکێك لە لێدوانەکانیدا دەڵێت: «ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین جارێکی دیکە ڕێگە بدەین شەڕ هەبێت لە کوردستان، بەڵام لەسەر مافی پێکهاتەکان و پێکەوەژیان ئامادەین جارێکی دیکە شەڕبکەین لەگەڵ هەر لایەنێك، کە بیەوێت ئەو پێکەوەژیانە تێك بدات»، بەڕای ئێوە سەرۆك بارزانی چی بکات بۆ درێژەدان بەو بۆچوونەی خۆی کە کاتی خۆی دەریبڕیوە؟**

- سەرۆك بارزانی کەسایەتییەکی کاریگەرە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت زۆر کێشە بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ چارەسەر بکات، لە ڕێگای سەرۆکایەتیی هەرێم، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان پەرلەمان، کە قسەکانی جەنابیان کاریگەریی زۆریان دەبێت، وەك مەرجەعێك بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەرێمی کوردستان بڕیاربەدەستن، ئێمە کێشەمان نییە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە شێوەی ئیجابی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، یان زیاتر ڕوو بکەنە بواری پێکەوەژیانێکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە سەداسەد لەگەڵیانین و شانازی بەو جۆرە ڕایانە دەکەین، بەڵام کێشەمان لە جێبەجێکردنی ئەو ڕایانە هەیە، جەنابی کاك مسعود زۆر هەڵوێستی هەبووە سەبارەت بە کریستیانەکان، من خۆم ئاگاداری زۆر شت بووم، بەڵام بۆ نموونە کە کاك مسعود گوتوویەتی ئەو شوێنانەی کە هی کریستیانەکانە وەك عەنکاوە، با هەر وەك خۆیان بمێننەوە و کەسی دیکە نەچێت لەو شوێنانە موڵك بکڕێت کە دیمۆگرافیای بگۆڕێت، ئەم قسەیە زۆر نموونەیی و جوان بوو، کە ئێمە زۆر پێی دڵخۆش بووین، بەڵام بەداخەوە کە دەبینین لە واقیعدا کەسانێك هەن کریستیانی خۆمانن و ڕازین برادەرێکی کورد سەد خانوو بکڕێت و بە ناوی کریستیانەکە بمێننەوە، واتا سەد خانوویان کڕی بۆ غەیری کریستیان، بەڵام بە ناوی کریستیانن، لە مێژووی یاسا شتێك هەیە پێی دەڵێن (فێڵی یاسایی)، ئەمەش ئەو فێڵە یاساییەیە، لەگەڵ ڕێزم کاتێك ئەو برادەرە کوردە، یان عەرەبە دێت ئەو خانووانە لە عەنکاوە دەکڕێت، کەواتە دیمۆگرافیای ئەو شوێنە تێك دەدات، ئەمرۆ ئەو گۆڕانکارییە لە دیمۆگرافیا بە ڕوونی و ئاشکرا نییە، بەڵام دوای دە ساڵ، یان بیست ساڵ نازانین چ ڕوودەدات، چونکە ئەو کەسانە خاوەنی شەرعیی ئەوماڵەن، یان ئەو موڵکەن، بۆیە بۆی هەیە وەریان بگرنەوە، بە دڵنیاییەوە ڕێککەوتن هەیە لەنێوان ئەو برادەرە کە کریستیانە و ئەو کەسەی کە بۆی کڕیوە، بەڵام بە ناوی کەسەکەی دیکەیە، بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم کە ئەگەر یاسایەك، یان قسەی بەڕێزێکە با وەك خۆی جێبەجێی بکەین، نەك یاسا و قسەکە شتێك بێت، واقیع شتێکی دیکە بێت.

*** ئێستا بوونی جەنابت لە پۆستێکی گرنگ لە حکومەتدا، بۆ نموونە وەك دەستەی مافی مرۆڤ، وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەك وەزیری پێکهاتەکان کە لەم کابینەیەدا دامەزراون، ئەمە لە ئایندەدا دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کەموکوورِییانەی باست کردن؟**

- من گەشبینم لانیکەم دەتوانین بە تەواوی ئەو کێشانە بگەیەنینە ئەو دەزگا و شوێنانەی کە توانای چارەسەرکردنیانیان هەیە، ئەگەر پەرلەمانە، یان هەر شوێنێکی دیکەیە، بەڵام من تائێستا هیچم نەکردووە بۆ کەمینەکان، چونکە ئەوە تەنیا چەند ڕۆژێکە دەست بەکار بووم، نازانم کاردانەوەیان چی دەبێت، ئایا دەتوانن دوای ماوەیەك چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە، یان نا، هیوادارم بۆ من وەك کەمینەیەك بابەتەکە زیاتر ڕوون بێت.

**دادگای فیدراڵی ماوەیەکی دانا بۆ ئەوەی ماددە ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە داخەوە تا ئەمرۆ ئەم ماددەیە کارا نەکراوەتەوە، چارەنووسی ئەم شوێنانەش بە نادیاری ماوەتەوە، بۆیە کێشەکە سیاسییە و سنووری یاسایی خۆی تێپەڕاندووە**

**سەرۆک بارزانی کەسایەتییەکی کاریگەرە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت زۆر کێشە بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ چارەسەر بکات، لە ڕێگای سەرۆکایەتیی هەرێم، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان پەرلەمان، کە قسەکانی جەنابیان کاریگەریی زۆریان دەبێت**

**گەشبینم لانیکەم دەتوانین بە تەواوی ئەو کێشانە بگەیەنینە ئەو دەزگا و شوێنانەی کە توانای چارەسەرکردنیانیان هەیە، ئەگەر پەرلەمانە، یان هەر شوێنێکی دیکەیە**



ئایینی ئێزیدی یەکێك لە ئایینە ڕەسەنەکانی ناوچەکە و گرنگییەکی زۆری داوەتە پێکەوەژیان و لێبووردەیی، ئێزیدی چەندین جار کۆمەڵکوژ کراون و قوربانییەکی زۆریان داوە، لەگەڵ ئەمەشدا چڤاتی ئێزیدی هەر لەسەر هزری میانڕەوی و پێکەوەژیان بەردەوامن، ئەوان بڕوای تەواویان بە هزری میانڕەوی و کولتووری پێکەوەژیان هەیە و، پێیان وایە تاکە ڕێگا و زامنی ئاشتی و بەختەوەریی مرۆڤەکان بۆ ئەم کولتوورە دەگەڕێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی قەولبێژ و زانایێ ئۆلا ئێزیدی (خواجە خدیدە) کەسایەتیی ئایینی لە جڤاتی ئێزیدی کرد.

## خواجه خدیده

قەولبێژی ئایینی ئێزیدی و کەسایەتیی ئایینی لە جڤاتا ئێزیدی بۆ گوڵان:

# ئایین بۆ خودایە و نیشتمان و خاک بۆ هەمووانە، ئامانجی سەرەکیی ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی پاراستنی ئەم بنەما پیرۆزەی پێکەوەژیانە

*** کوردستان لانکەی پێکەوەژیان و لێبووردەییە، هەموو ئایین و ئایینزاکان پێکەوە پاڵپشتیی لەم کولتوورە بەرزە دەکەن، ئایینی ئێزیدییش وەکو ئایینێکی کۆن و گرنگی ناو کۆمەڵگە، ڕۆڵی لە پاراستنی ئەم فەرهەنگەدا هەبووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئایینی ئێزیدی چۆن دەڕوانێتە ئەم پێکەوەژیانە کە لە نێوان ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە ؟**

-دەستپێك بە ناوی خودا، ئایینی ئێزیدی ڕێزو حورمەتی بۆ سەرجەم ئایین و ئایینزاکان هەیە، لە تێکستە ئایینییەکانماندا بە چاوێکی بەرز و تەقدیرەوە دەڕوانینە هەموو ئایینەکان و، ڕێز لە پێغەمبەران محەمەد و عیسا و مووسا و داود و ئیبراهیم خەلیل و ئیسماعیل و نووح و زەکەریا و هەموو پێغەمبەرانی دیکە دەگرین، لە ناو چڤاتی ئێزیدییاندا گەلێك تێکستی ئایینی ئێزیدی هەیە، کەوا ڕێزێکی زۆر لە هەموو ئایینزاکان دەگیرێت، هەر لە موسڵمان و مەسیحی و سابیئەی مەندائی و کاکەیی و زەردەشتی و جوو، خودا خودای ئێمە و هەموو ئایین و ئایینزاکان، ئادەم و نوح و ئیبراهیم و عیسا و مووسا و ئیسحاق و یەعقوب و یوسف و محەمەدە، کە لە ئایینی ئێزیدیدا ڕێزیان لێ گیراوە و هیچ کاتێك هێرش و قسەی هەڵەیان بەرامبەر نەکراوە، خودا مرۆڤی لەسەر ئەم زەمینە بە عاقڵ ناساندووە و هەر ئایینێکیشی هێنابێتە سەر ئەم زەمینە، ئایینەکە بە زار و زمانی خۆیان بۆ میللەتەکە نێردراوە و مرۆڤەکان ئیمانیان پێ هێناوە، لە تێکستەکانی ئایینی ئێزیدا ئەم دنیایەی بە ڕەنگین وەسف کردووە و وەکو ئەو باخچەیەی نیشان داوە کە هەموو گوڵێکی تێدایە و، هەر گوڵەش بۆن و تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، باخچە بە گوڵەکانیەوە جوانە و ئێمەش لێرە لە هەرێمی کوردستان بە پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانەوە جوانین و لە دێرزەمانەوە هیچ گرفت و کەموکورتی و کێشەیەکی ئایینیمان لە نێواندا نەبووە، کوردستان بە لانکەی نیشتمانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دادەنرێت و، هەموو ئایین و ئایینزاکان پێکەوە دەژین و، ئایین بۆ تاکەکانە و نیشتمانیش بۆ هەموانە.

*** یەکێك لە سیما جوانەکان کە لە ناو ئێزیدیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی ئێزیدی هەموو کات قوربانی بوون و، چەندین جار لە مێژوودا ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، بەڵام هەرگیز نەبوونە توندڕەو و توندوتیژییان بەرامبەر نەتەوە و ئایینەکانی دیکە نەکردووە، ئایا دەکرێت بزانین ئەو هۆکارانە چین کە وای کردووە گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لای ئێزیدی ئەوەندە بەرز بێت؟**

- تێکستە ئایینیەکانی ئێزیدی فێرمان دەکات ڕێزو حورمەتمان بۆ هەموو ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکانی دیکە هەبێت و، بە چاوی ڕێز و تەقدیرەوە سەیری پێغەمبەرەکان و هەموو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییەکان بکەین، کە بە سیمبولەکانی ناو ئایینەکان و بە بڕبڕەی پشتی ئایینەکانیان دادەنرێن، لە ئێزیدیدا هەندێك تێکست هەیە، پیرۆزە و تێیدا ئەو کاروکردەوانەی حەرام کردووە کە نابێت هیچ ئێزیدییەك ئەو تێکستانە پێشێل بکات، بۆ نموونە کوشتن و دەستدرێژی و دزی حەرام کراوە، ئایینی ئێزیدی قبووڵ ناکات، تۆڵەی کوشتنێك بە کوشتنی برا، یان دەستبردن بۆ نامووس و کەرامەتی کەسی تەعەداکەر بێت، ئایینی ئێزیدی فێرمان دەکات ڕێز و حورمەتێکی زۆرمان بۆ دراوسێکانمان بە جیاوازیی ئایین و مەزهەبەکانەوە هەبێت، ئایینی ئێزیدی لەسەر بنەمای باش و خراپ و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و دراوسێتی و کاری باش بونیات نراوە و، لە مێژوودا ئێزیدی زیانی بە هیچ ئایین و ئایینزا و نەتەوە و مەزهەبێك نەگەیاندووە.

*** پەیوەندیی نێوان چڤاتی ئایینی ئێزیدی لەگەڵ مامۆستا و پیاوانی ئایینەکانی دیکە چۆنە و، تا چەند پێکەوە توانیوتانە ئەم کولتوورە ڕەسەنە بپارێزن؟**

- چڤاتی ئایینی ئێزیدی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی ئیسلام و پیاوانی مەسیحی و کەسایەتییەکانی ئایینی دیکەی سابیئەی مەندائی و زەردەشتی و بەهایی و کاکەیی هەیە، ئێمە وەکو کەسایەتیی ئایینی ئێزیدی بەشداری جەژنی ئایینی یەکتر و بۆنەکان و کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ئایینەکانی دیکە دەبین، چەندین جار مامۆستای ئایینی و مەلاکان پرسیاری تەندروستیی منیان کردووەو، مەتران و قەشەکان لە بۆنە و خۆشی و ناخۆشییەکاندا لەحاڵ و بارودۆخی ئێزیدییەکان دەپرسنەوە، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و جەژنی قوربانی موسڵمانەکاندا پەیوەندیم بە هەموو مامۆستا و مەلا ئایینییەکانەوە کردووە و جەژنەکەیانم لێ پیرۆز کردوون، ئەوانیش

**سەرۆک بارزانی بەڵێنی بە باباشێخ و ڕەحمەتی (میر تەحسین بەگ) دا و گوتی شنگال ئازاد دەکەم، ئەگەر گیانی خۆشم لەسەر دانابێت**

**کوردستان بە لانکەی نیشتمانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دادەنرێت و، هەموو ئایین و ئایینزاکان پێکەوە دەژین و، ئایین بۆ تاکەکانە و نیشتمانیش بۆ هەموانە**

**تێکستە ئایینیەکانی ئێزیدی فێرمان دەکات ڕێزو حورمەتمان بۆ هەموو ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکانی دیکە هەبێت و، بە چاوی ڕێز و تەقدیرەوە سەیری پێغەمبەرەکان و هەموو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییەکان بکەین**

**ئایینی ئێزیدی قبووڵ ناکات، تۆڵەی کوشتنێک بە کوشتنی برا، یان دەستبردن بۆ نامووس و کەرامەتی کەسی تەعەداکەر بێت**

**سوپاس بۆ خودا کە گەلی کوردستان و سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ناردین و ئێزیدیی لە ئامێز گرت و دەرگای مزگەوت و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیان بۆ کردینەوە و هاوکاری و پاڵپشتییان کردین**

**سوپاس بۆ خودا و پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی و خەڵکی کوردستان، کە کاری جددی دەکەن بۆ پاراستنی ئەم پێکەوەژیانە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان**

**پێش چەند مانگێک کە ئاگر لە کەمپی شاریای ئێزیدییەکان بەربوو، هەموو خەڵکی زاخۆ و دهۆک و ئامێدی و گوندەکان لە بەردەم مزگەوتەکاندا پاڵپشتی و هاوکارییان بۆ کۆکردینەوە**

**خودا هەمووانی خوڵقاندووە و نەخشە ڕێگایەکی بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی بۆ داڕشتووین، ئیتر بۆ دەبێت ڕێگا بدەین کەسانی خراپ ئەم باخچە جوانەمان لێ تێک بدەن**

جەژنی ئێمەی ئێزیدیان پیرۆز کردووە. بۆ زانیاریی بەڕێزتان و وەکو نموونەیەکی بچووك دەمەوێت باسی مزگەوتی گەورەی شێخان بکەم، کە کاتی خۆی ئەو زەوییە وەکو خێر و هاوکاری لەلایەن میری ئێزیدی (تەحسین بەگ) پێشکەش بە موسڵمانەکان کراوە و هاوکاریی دروستکردنی لەلایەن ئێزیدییەکانەوە کراون، تا موسڵمانەکان نوێژ و عیبادەت و بۆنە ئایینییەکانی تێدا بەڕێوە ببەن، ئەمەش بۆ ڕەسەنایەتیی ئایینەکەمان دەگەڕێتەوە.

*** چۆن بتوانرێت زیاتر گرنگی بەو پێکەوەژیان و چەسپاندنی کولتووری لێبووردەیی و ئاشتییە بدرێت، بەتایبەتی لە نێوان مامۆستا و پیاوانی ئایینی؟**

- مرۆڤەکان چەند پێویستیان بە ئاوی خواردنەوە هەیە، ئەوەندەش پێویستیان بە پێکەوەژیانی ئایینی هەیە، پێکەوەژیان واتا چۆن بتوانین پێکەوە بژین و، لە خۆشی و ناخۆشیی یەکتردا بەشدار بین و بەهانای یەکترەوە بچین، مادام هەموومان بەندەی خوداین و یەك چارەنووسمان هەیە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی و سرووشتییە، منداڵ کە لەدایك دەبێت، هیچ جیاوازییەکیان نییە و خالق و خودامان یەکە، یەك ئامانجمان هەیە کە مرۆڤایەتییە. ئێمە وەکو ئێزیدی ٧٤ جار هێرش کراوەتە سەرمان و ئێزیدی کۆمەڵکوژ کراون، لە وڵاتی تورکیا بەشیری و سەرحەد و تەنانەت ئێزیدی لە ئەرمەنستان بوونیان هەبووە، لە شنگال تیرۆریستان هێرشیان کردە سەرمان و هەرچی دەستیان کەوت لە گەنج و پیاو و منداڵ کوشتیان و، ژن و کچی ئێزیدییش وەکو کۆیلە و ژێردەستە ڕفێندران و لە بەر ئێزیدیبوونیان تەعەددایان کرایە سەر.


*** شەڕی داعش و تاوانی تیرۆرستان دەرهەق بە ئێزیدییەکان بە کارەساتێکی گەورە و کۆمەڵکوژێکی مەترسیدار دادەنرێت کە لەم سەردەمەدا دەرهەق بە ئێزیدی کراوە، ئێوە ئەم هێرش و واقیعە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- هزری توندڕەوی و توندوتیژی و بیروباوەڕی نامۆ دوور لە ئایینە پیرۆزە ئاسمانییەکان، لە عێراق و مووسڵ و دەشتی نەینەوا زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی و پاك و پێگەردیی ئایینە ئاسمانییەکانیش گەیاندووە، کاتێك داعش کۆمەڵکوژی کردین و دەربەدەری کردین، لەبەر ئایینەکەمان بوو، میللەتی کورد هەر لە زاخۆ تا خانەقین هەموو پێکەوە بەهانای ئێزیدییەکانەوە چوون و، سوپاس بۆ خودا کە گەلی کوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ناردین و ئێزیدیی لە ئامێز گرت و دەرگای مزگەوت و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیان بۆ کردینەوە و هاوکاری و پاڵپشتییان کردین. ئەو کاتەی داعش پەلاماری داین و کۆمەڵکوژیی دەرهەق بە ئێزیدی ئەنجام دا، من ٥٨ ڕۆژ لە زاخۆ ژیام و چاوم بە زۆر سەرکردە و فەرماندە و کەسایەتیی ئایینی و نەتەوەیی و ناسراوی کورد و بیانی کەوت، ئەمەش ئەو بۆچوونەی گۆڕی کە کاتێك ئاوارە و دەربەدەر بووم، گوتم جارێکی دیکە ئامادە نیم لەناو کۆمەڵگە و دراوسێتی کەسانی وەکو داعشدا بژیم کە پەروەردەی توندوتیژی و دەمارگیریی زۆر ناشیرینن و بڕیاری کۆچکردنم بۆ دەرەوەی وڵات دابوو، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی ئاسایی بوو لە وڵاتێکدا کە هەر ١٠ ساڵ جارێك هێرش و کۆمەڵکوژییەك دەرهەقمان دەکرا، لەوێ لە زاخۆ و کوردستان بەگشتی چاوم بە کەس و نەتەوە و سەرکردەی خۆمان کەوت، گەورە و بچووك و پیاوی ئایینی و کەسایەتیی کوردی هەموو قوتابخانە و ماڵ و مزگەوتەکانیان بە ڕووی ئێمە واڵاکرد و جلوبەرگ و دۆشەك و کەلوپەلی خۆیانیان بۆ هێنایـن و، ئازار و ئەشکەنجەکانیان کەم کردینەوە، پێش چەند مانگێك کە ئاگر لە کەمپی شاریای ئێزیدییەکان بەربوو، هەموو خەڵکی زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و گوندەکان لە بەردەم مزگەوتەکاندا پاڵپشتی و هاوکارییان بۆ کۆکردینەوە، سوپاس بۆ هەموو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی، بۆ ئەو بەدەنگەوەهاتن و پاڵپشتییەی پێشکەشیان کردین، لەمەشدا ڕێز و حورمەتم بۆ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی هەیە، لە سێی ئابی ٢٠١٥ کاتێك سەرۆك سەردانی دهۆکی کرد بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی سێی ئاب، من لە بەرامبەر سەرۆك بارزانی ئەو شەرەفەم پێ درا کە بەسەرۆکم گوت: «ناوی پێشمەرگە لای ئێزیدی بەرز و پیرۆزە و ڕۆحی خۆی پێشکەش بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان و وڵاتەکەی کردووە، ئەو بوو سەرۆك بارزانی بەڕێز سەفین دزەیی نارد بە ناوی سەرۆکەوە سوپاسی کردم و، پێی ڕاگەیاندم تا سەرۆك و پێشمەرگە لە ژیاندا مابن، پارێزگاری لەم وڵاتە و هاووڵاتییەکانی

دەکەن، بە جیاوازیی گشت ئایین و ئایینزاو نەتەوەکانەوە، ئەو کات سەرۆك بارزانی بەڵێنی بە باباشێخ و ڕەحمەتی (میر تەحسین بەگ) دا و گوتی شنگال ئازاد دەکەم، ئەگەر گیانی خۆشمم لەسەر دانابێت. ئەو سەردەمە باباشێخ سەردانی سەرۆکی لە پیرمام کردو پێی گوت: سەرۆك، ئێزیدیخان تەواو بوو، میللەتی من نەما و هێرشی توندی کرایە سەر، لە وەڵامدا سەرۆك بارزانی بە باباشێخی گوت: بابا شێخ چ جارێك کوردستان تەواو بوو، ئەو کات ئێزیدیخانیش تەواو دەبێت، ئێزیدیخان تەواو نابێت، کاتێك پێشمەرگە شنگالی ڕزگاکرد لە چوارڕێیانی بەعدرێ سەرۆك بە جوامێرانە هات و بە باباشێخی گوت: باباشێخ من بەڵێنی خۆمم لە بەرامبەر جەنابت و میری ئێزیدی بردەسەر، هەر ئەمەش چاوەڕێ دەکرا لە کوڕی ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی، ئەو سەرکردەیەی سیمبولی کوردستانە.

*** دواپرسیارمان ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی هزر و بیروباوەڕی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بەهێزتر و توندوتۆڵتر بکرێت؟**

- هەموو مامۆستا و زانا و پیاوانی ئایینی دەبێت هانی خەڵکی بدەن بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و کاری باش و حەڵاڵ، خودا مرۆڤی بە عاقڵ دروست کردووە و، کردوونی بە موسڵمان، یان ئێزیدی و مەسیحی و زەردەشتی و سابیئە مەیدانی و کاکەیی، با هەمووان ڕۆژوو و عیباتەت و کاری خۆیان بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و کاری باش بکەن، خودا هەمووانی خوڵقاندووە و نەخشە ڕێگایەکی بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی بۆ دارِشتووین، ئیتر بۆ دەبێت ڕێگا بدەین کەسانی خراپ ئەم باخچە جوانەمان لێ تێك بدەن، ئایین بۆ خودایە و نیشتمان و خاك بۆ هەمووانە و، ئامانجی سەرەکیی ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی پاراستنی ئەم بنەما پیرۆزەیە، سوپاس بۆ خودا و پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی و خەڵکی کوردستان، کە کاری جددی دەکەن بۆ پاراستنی ئەم پێکەوەژیانە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان، ئەوەتا ئەمڕۆ هەولێر بووەتە یەکێك لە پایتەختە گەورەکانی ناوچەکە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرامبەر هەر وا دانەنیشتووە، بۆیە دەبێت زۆر جددی و توند بیت لەدژی ئەو کەسانەی زیان بە ئایین دەگەیەنن.



**خواجە خدیدە عەلی.**
**ئاکنجییێ گوندێ خەتارێ مە.**
**قەول بێژێ ئایینێ ئێزیدی مە.**
**پشکدار بویمە دگەلەك سیمینار و کونفرانسا، ب تایبەت بێن پێگڤە ژیانێ دا، ژ سالە ٢٠٠٧ هەتا ئیرو ڕوژ پشکداری من کرینا د سیمینار کونفرانسن پێگڤەژیانێ لە کوردستانێ.**



ڕەمەزان محەمەد ئامەد

ئەندامی پێشووی پەکەکە، بۆ گوڵان:

# کالکان سیاسەتێکی توندی گرتووەتەبەر کە بە زیانی گەلی کورد تەواو دەبێت

**ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و هەڵوەستەکردنە، ئەوەیە کە هێشتا پەکەکە لەسەر ئەو سیاسەت و ڕەفتارانەی بەردەوامە کە بە زیانی خۆی و لە کۆتاییدا بە زیانی تێکڕای کوردستانیان تەواو دەبێت، هۆکاری سووربوونی پەکەکە لەسەر ئەم ڕێچکەیە و، دەرئەنجام و ئاکامە مەترسیدارەکانی ئەم شێوازی کارکردنەی پەکەکە، چەند تەوەرێکی سەرەکیی دیدارێکی گوڵان بوون لەگەڵ ڕەمەزان محەمەد ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

*** دوای ئەوەی چەکدارانی پەکەکە چەندین پێشمەرگەی کوردستانیان شەهید کرد، ئێستا دۆران کالکان باس لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی دەکات و، پاکانە بۆ تاوانەکانی سەرانی قەندیل دەکات، بە ڕای ئێوە کەسێکی وەك دۆران کالکان بۆچی بێباکانە ئاگری شەڕی کورد- کورد خۆش دەکات؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە ئێستادا پەکەکە سیاسەتێکی جیاواز پیادە دەکات، بەراورد بەو سیاسەتەی لە ڕابردوودا پەیڕەوی دەکرد، بەتایبەتی لە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، کە پەیوەندیی نێوان بەرپرسەکانی پەکەکە تێکچوو و، هەر بەرپرسێك سیاسەتێکی جیاواز و سەربەخۆی گرتەبەر و بەرپرسە گەورەکانی پەکەکەش بوونە هۆکاری ئەوەی زۆر کەس ڕیزەکانی پەکەکە جێبهێڵن. دۆران کالکان یەکێکە لە بەرپرسەکانی پەکەکە کە لە بنەڕەتدا تورکە و تێڕوانین و سیاسەتی ئەو لە بەرامبەر باشووری کوردستان زۆر باش نییە، بۆیە سیاسەتێکی هەڵە ئەنجام دەدات و، هەنگاو هەڵناگرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا بگاتە ئاشتی، یان بیر لەوە بکاتەوە کە کۆنگرەیەکی نیشتیمانی گرێ بدرێت، هاوکات دۆران کالکان سیاسەتێکی توند دەگرێتەبەر و ئەمەش زیانی گەورە بە کورد دەگەیەنێت.

*** دیسان سەرانی پەکەکەی قەندیل بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان و بێدەسەڵاتییان لەوەی لە باکوور خەباتی چەکداری بکەن، باس لەوە دەکەن کە ئەو شوێنانەی ئێستا چەکدارانی پەکەکەی لێیە، ناوچەی گەریلان و هێزی پێشمەرگە نابێت بچێتە ئەو شوێنانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەکرێت پەکەکە بەشێکی هەرێمی کوردستان قۆرغ بکات لە پێشمەرگە؟ ئایا ئەم بانگهێشتەی سەرانی پەکەکە هەر خۆی دەستڕاکێشانی هێزەکانی تورکیا نییە بۆ ناو هەرێمی کوردستان؟**

- لە ساڵی ١٩٩٩وە چەکدارانی پەکەکە لە باکووری کوردستان کێشەکانیان هێناوەتە باشووری کوردستان و، چەندین چەکداری پەکەکەش هەر لەو کاتەوە لە قەندیل و باشووری کوردستان چوونە ڕۆژئاوای کوردستان، بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان بووەتە بیانوویەك، بۆ ئەوەی فڕۆکەکانی تورکیا ئەو شوێن و ناوچانەی باشووری کوردستان بوردومان بکەن، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین گوند لە دانیشتووانەکەی چۆڵ ببن و لە سەر موڵك و ماڵی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر ببن، خەڵکی ئەو ناوچەیەش جگە لەوەی زەرەری داراییان زۆر بەرکەوتووە، هاوکات ئەو خەڵکە سڤیلە شەهید و بریندار بوون. ئەمەش هەموو بە هۆی ئەو هەڵە گەورەیە بوو کە هەموو چەکدارانی پەکەکە بە یەکەوە لە باکووری کوردستانەوە هاتنە باشووری کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا سەنگەری ڕاستەقینەی شەڕی خۆیان لە باکوور گواستەوە باشوور، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم بەشەی کوردستان لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە بکرێتە ئامانج.

*** سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە کە شەڕی کورد- کورد لە کوردستان نەکرێت و کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵام پەکەکە لە بری ئەوەی بە دیالۆگ و لیکتێگەیشتن ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و، هاوکار بێت بۆ ئەوەی سوپای تورکیا لە باشوور**

**دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، کە پەیوەندیی نێوان بەرپرسەکانی پەکەکە تێکچوو و، هەر بەرپرسێک سیاسەتێکی جیاواز و سەربەخۆی گرتەبەر و بەرپرسە گەورەکانی پەکەکەش بوونە هۆکاری ئەوەی زۆر کەس ڕێزەکانی پەکەکە جێبهێڵن**

**لە ساڵی ١٩٩٩ هەموو چەکدارانی پەکەکە لە باکوورەوە هاتنە باشووری کوردستان و ئەمەش بەپێی بڕیار و تەعلیماتی عەبدوڵا ئۆجەلان بوو**

**لەساڵی ١٩٩٣ لە نێوان پەکەکە و تورکیا ئاگربەست ڕاگەیاندرا، پاشان چەکدارانی پەکەکە چەندین سەربازی سوپای تورکیایان کوشت، کە ئەمە یەکێک بوو لە سیاسەتە مەترسیدارەکانی پەکەکە**

**ئێمە کە لەناو پەکەکە بووین، بۆ کورد و کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان شەڕمان دەکرد، بەڵام بەرپرسەکانی پەکەکە ئەو بارودۆخەیان تێکدا**

**کێشەی پەکەکە زیاتر ئەو بەرپرسانەن کە سەرپەرشتیی پەکەکە دەکەن و هەندێک لەو بەرپرسانەش باوەڕیان بە کوردو سەربەخۆیی کوردستان نییە**

**تا ئێستاش پەکەکە خۆی بۆ ساغ ناکرێتەوە و ناتوانێت ئاراستە و ئاقارێکی ڕوونی کارکردنی هەبێت و ستراتیژیەتی خۆی دیاری بکات**

**نەمێنیت، کەچی هێندەی دیکە زەمینە بۆ هاتنە ناوەی سوپای تورکیا خۆش دەکات، ئایا ئەم ئاراستەیەی پەکەکە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکات؟**

- لەساڵی ٢٠٠٥ ئێمە وەك پەیامنێر چووینە پەرلەمانی کوردستان، کە جەنابی سەرۆك بارزانی لەوێ بڕیاری دا و ڕایگەیاند کە شەڕی براکوژی ناکەین، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەندێجار کێشە و بەرکەوتن لە نێوان پێشمەرگە و چەکدارانی پەکەکە دروست دەبێت، ئەمە هەر هەموو زەرەری بۆ گەلی کورد هەیە و زیان بە کوردایەتی و کوردپەروەری دەگەیەنێت، ڕاستە ئەو کێشە و گرفتانەی لە کوردستان دروست دەبێت، هەموو پارت و حزب و لایانەکانی کوردستان هەر لە پەکەکە تا دەگاتە بچووکترین لایەنی سیاسی تێدا خەتابارن، بەڵام ئەوەی ئێستا لە باشوور ڕوودەدات، بەتایبەتی بەرامبەر هێزی پێشمەرگە ئەوە بەرپرسیارێتییە گەورەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەکەکە.

*** ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە پەکەکە هەرێمی کوردستانی کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ و، ڕۆژانە هێزەکانی تورکیا بە بیانووی بوونی پەکەکە گوندەکانی کوردستان بۆمبباران دەکەن، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر پەکەکە دەیەوێت شەڕی تورکیا بکات، بۆ لەناو کوردستانی تورکیا نایکات، خۆ چیاکانی کوردستانی تورکیا لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن؟**

- من پێشتریش ئاماژەم بەوەدا کە لە ساڵی ١٩٩٩ هەموو چەکدارانی پەکەکە لە باکوورەوە هاتنە باشووری کوردستان و ئەمەش بەپێی بڕیار و تەعلیماتی عەبدوڵا ئۆجەلان بوو، بەڵام پاشان چەکدارانی باکوور چوونەوە باکوور و لە چەندین ناوچەدا شەڕی خەندەقیان کرد، ئەم شەڕە زەرەرێکی زۆری بە کوردی باکوور گەیاند، چونکە چەندین کەس و کوردی ئەو شوێنانە لە باکووری کوردستان شەهید بوون و، چەندین ناوچە و گوند چۆڵ بوون، کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا میللەتی کورد لە باکوور زەرەر و زیانێکی زۆریان بەرکەوت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی پەکەکە لە باکووری کوردستان زۆر کەم ببێتەوە. دواتر من پێم وایە پەکەکە دەتوانێت بچێت لە بری باشوور لە باکوور شەڕ لەگەڵ تورکیا بکات، بەڵام ئەوەتا هاتووەتە باشوور و بیانووی داوەتە دەست تورکیا کە بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بوونی پەکەکەش ناسەقامگیریی بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، وەك باسمان کرد ئۆباڵەکە لە ئەستۆی پەکەکەیە کە بیانووی داوەتاە دەستی تورکیا و، بیریش ناکاتەوە کە ئەو گوندو ناوچانەی باشووری کوردستان چۆڵ و وێران دەبن، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا سیاسەتی پەکەکە خزمەتی دوژمنەکانی کوردستان دەکات.

*** ماوەی زیاتر لە یەك مانگە تورکیا هاتووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و بە حیساب شەڕی پەکەکە دەکات، بەڵام بێجگە لە کاولکردنی گوندەکان و زیاتر هاتنە ناوەوەی سوپای تورك بۆ ناو خاکی کوردستان، دەبینین هیچ لایەك نە پەکەکە و نە هێزەکانی تورکیا زیانیکی ئەوتۆیان نییە، ئایا ئەمە لە سیناریۆیەکی ئیقلیمی ناچێت دژی هەرێمی کوردستان، کە بە دەستی پەکەکە جێبەجێی دەکەن؟**

- ئەمە وەك ئەوە وایە کە دەڵێن سیاسەت دوو لایەنەیە، بۆ ئەو بارودۆخە لێرەدا نموونەیەك باس دەکەین، لەساڵی ١٩٩٣ لە نێوان پەکەکە و تورکیا ئاگربەست ڕاگەیاندرا، پاشان چەکدارانی پەکەکە چەندین سەربازی سوپای تورکیایان کوشت، کە ئەمە یەکێك بوو لە سیاسەتە مەترسیدارەکانی پەکەکە، ئێستاش چەکدارانی پەکەکە هەمان سیاسەتی هەڵە بەرامبەر بە باشووری کوردستان پیادە دەکەن، پەکەکە زیاتر گرنگی بە ڕۆژئاوی کوردستان دەدات، واتە ئێستا لە باشوورە، بەڵام گرنگی و کار بۆ ڕۆژئاوا دەکات، ئەمەش ناچێتە خانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە.

*** پەکەکە خۆی ڕایگەیاندووە کە ئەو بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە و ئامانجی ئەو دەوڵەتی کوردستان نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەو ئامانجی سەربەخۆیی نییە، ئەی بۆچی ئەم هەموو کوڕ و کچەی کوردستان بە کوشتن دەدات؟**

- پەکەکە سەرەڕۆیی دەکات، ئەوەش



رەمەزان محەمەد ئامەد: **بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان بووەتە بیانوویەك، بۆ ئەوەی فڕۆکەکانی تورکیا ئەو شوێن و ناوچەیانەی باشووری کوردستان بوردومان بکەن**

سەرەڕۆییەکی بەتاڵە، ئێمە کە لەناو پەکەکە بووین، بۆ کورد و کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان شەڕمان دەکرد، بەڵام بەرپرسەکانی پەکەکە ئەو بارودۆخەیان تێکدا، کێشەی پەکەکە زیاتر ئەو بەرپرسانەن کە سەرپەرشتیی پەکەکە دەکەن و هەندێك لەو بەرپرسانەش باوەڕیان بە کوردو سەربەخۆیی کوردستان نییە.

*** پەکەکە بەهۆی ئەوەی لە ڕەوتی سیاسەتی جیهانی ناڕوات، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیشی بە کردەوەکانی ناشیرین کردووە، بۆچی پەکەکە هەموو ئامانجی ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان ناشیرین بکات؟**

- پەکەکە لە جیهاندا لە لیستی تیرۆردایە و لەلایان هەموو وڵاتانی ئەورووپا و بەریتانیا و ئەمریکا بە تیرۆریست دانراون، تا ئێستاش پەکەکە خۆی بۆ ساغ ناکرێتەوە و ناتوانێت ئاراستە و ئاقارێکی ڕوونی کارکردنی هەبێت و ستراتیژیەتی خۆی دیاری بکات، بۆ نموونە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە هەندێ جار پەکەکە دەڵێت ئێمە سوشیالیستیین، بەڵام هەندێ جار دەبینین ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان سەرمایەدارین و گرێدراوی ئەمریکان.

*** بەڕای ئێوە ئەم ئاراستەیەی پەکەکە بۆ ڕێگرتن لەوەی کوردانی باشوور و ڕۆژئاوا بگەنە ئامانجی خۆیان، بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی پەکەکە لە دژی بەرژەوەندییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا ڕەفتار دەکات؟**

- پێشتر پەکەکە ئەندامەکانی خۆی لە دژی بارزانی پەروەردە دەکرد و تێڕوانینی هەڵە و ناڕاستی لە ئاست بارزانیدا بڵاو دەکردەوە، بەڵام کاتێك ئێمە هاتینە باشووری کوردستان واقیعێکی جیاوازمان بەدی کرد و، هەڵە و ناڕاستیی تێڕوانینی ئەوانمان بۆ دەرکەوت، ئێستاش ئەرکی هەموو لایەنێکە کە کار بکات بۆ پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر زیان بەم هەرێمە بکەوێت، ئەوا هەموومان دوچاری زیان دەبینەوە.

**پێشتر پەکەکە ئەندامەکانی خۆی لە دژی بارزانی پەروەردە دەکرد و تێڕوانینی هەڵە و ناڕاستی لە ئاست بارزانیدا بڵاو دەکردەوە**

# راگەیاندن و دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەریەکەمان چەند ڕۆژێك دوای لەدایکبوونمان، هەڵگری کارتێك، یان پارچە کاغەزێك دەبین، کە ئاماژە بۆ چەند پێکهاتەیەکمان دەکات، ئەگەر کورتی بکەینەوە، ئاماژەیە بۆ هەر سێ ناسنامەی (بایۆلۆجی، بایۆگرافی و کەلتووری)مان، ئەو پارچە کاغەزە بچووکە دیاری دەکات ڕەگەزمان، کوڕ و کچی کێین؟ باوانمان کێن؟ ڕەنگی قژمان، چاومان، پێستمان، زمانمان، ئایینمان، نیشتمانمان، نەتەوەمان، شوێنی لەدایکبوونمان، پارێزگامان، شار یان لادێمان و...هتد، ئەمانە هەندێکیان لەگەڵ خۆمان لە دایك بوون و نەمانهێناون و لەو کاتەشدا هەڵگری نین، کە لە دایك بووین، بەڵکو هی باوانە و وەرمان گرتووە، نموونە مرۆڤ لەو کاتەی لە دایك بووە، خۆ قسە ناکات، زمان نازانێت، ئیتر چۆن هەڵگری زمانێك دەبێت، لەسەر زمانی باوانی بۆی دیاری دەکرێت. مرۆڤ هەڵگری هیچ ئایینێك نییە، کە لە دایك دەبێت، ئەی بۆچی خێرا لەسەر ناسنامەکەی دەنووسن ئایینی موسڵمانە، یان مەسیحی و.. هتد؟ تەنانەت بایۆلۆجیەکانیش زۆربەی بە هۆی باوانەوە ماوەتەوە، وەك ڕەنگی چاو و قژ و پێست و کرۆمۆسۆمەکان زۆربەیان گواستووەتەوە بۆمان، ڕەنگە لە شتێکدا لە دایك، یان باوك، یان باپیر، یان پوور، یان خاڵ، یان مام بچین. ئیتر ئەم ناسنامەیە وەك پێداویستییەکی ژیانمان دایدەنێین و پارێزگاری کردنی ئەو پارچە کاغەزەش دەخرێتە ئەستۆی تاك خۆی، دەوڵەتیش بە یاسا ڕێکی خستووە چۆن پارێزگاری لێ بکرێت و، لەکاتی ونکردن، یان فەوتانی یاسای بۆ گێڕانەوەی و دروستکردنەوەی داناوە.

ئەمە مامەڵەکردنێکی شتومەکانەیە تا ئێرە، بەم ناسنامەوە وەك کەرەسەیەکی پێویستی ژیان، تاك دەبێت بیپارێزێت و، ئەگەر نەیپاراست، لە کۆمەڵێك مافی وەك هاووڵاتیبوون و خوێندن و




خزمەتگوزارییەکانی تری وڵات بێبەش دەبێت. بەڵام پاراستنی هەر یەکە لەو پێکهاتنەی ناو ناسنامەکە لە ڕووە مەعنەوی و جەوهەرییەکەوە، بەتایبەتی بەشە کەلتوورییەکەی وەك زمان و نەتەوە و ئایین و....هتد لە زۆربەی وڵاتان دیاری نەکراوە، کێ دەبێت بیپارێزێت؟ چۆن بیپارێزێت؟ میکانیزمی پارستنەکەی چۆن دەبێت؟ ڕەنگە وەك نەریتێکی کۆمەڵگە خێزان هەوڵی پاراستنی زۆری بدات لە فێرکردنی زمانی دایك و فێرکردنی ئایین و ڕەفتار و دابونەریتی پەسەندی کۆمەڵگە. واتە ئەرکی پاراستنی ناسنامەکەمان وەك پارچە کاغەزێك کە لە گیرفانمان بێت، ئەرکی تاکە، بەڵام ناوەڕۆکی ناو ناسنامەکە پاراستنی بە تەنیا تاك ناکرێت، تاك ناتوانێت بە تەنیا خۆی فێری زمان، یان ئایین بێت، بێ خێزان، یان شوێنی ئایینی، یان قوتابخانە. ئەگەر بە ڕوونتر دیاری بکەین، دەبێت بپرسین: کێ بەرپرسی سەرەکییە لە پاراستنی ناوەڕۆك و پێکهاتە مەعنەوییەکانی ناو ناسنامەکە؟ بێگومان تاك و دەوڵەت و حکومەت. چونکە تاك پێویستی بە خێزان، قوتابخانە، شوێنی ئایینی، ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە هەیە، تاکو هەر یەکە لەو ناسنامە کەلتوورییانەی کە زمان و ئایین و نەتەوە و نیشتمان و نەریتی کۆمەڵگەیە پارێزراو بێت، بەشی زۆری ئەم شوێنانەش دەوڵەت لێی بەرپرسە کە دابینی بکات بۆ تاك، تاکو زمانی، ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی، ئایینی و دابونەریتی ون نەکات. ئەمانەش پارێزگارییان دەوێت، هەر وەك چۆن وەك پارچە کاغەزەکە پارێزگاری دەوێت و نابێت ون کرێت. جگە لەوەش ئەو شوێنانە، قوتابخانە، شوێنی ئایینی، ڕاگەیاندن بە تەنیا دابینکردنی شوێن نا، بەڵکو چی فێری تاك دەکەن، کە لەگەڵ ناسنامە کەلتووری و نیشتمانی و نەتەوەییەکەی بگونجێت، ئەوەش ئەرکی دەوڵەتە.

ئێمە نەك ڕاگەیاندنمان بەرهەمی بیانی نمایش دەكات، وردە وردە زانكۆ و قوتابخانەكانیشمان دەكەونە دەست هەر یەكەو دەوڵەتێكی بیانی و بە شانازییشەوە منداڵانمان لەوێ دادەنێین و بە پۆزیشەوە زۆر جار باسی دەكەین كە منداڵەكانمان كوردی نازانن، چونكە قوتابخانەكەیان زمانی كوردی نییە. ئینجا داوای ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیشیان لێ دەكەین كە گەورە بوون. جگە لە شوێنە ئایینییەكان كە چەندین جار بوونەتە شوێنی سەرهەڵدانی بیری جۆراوجۆری توندڕەوی و نامۆ بە نەریت و نۆرمی ئایینی كوردەواری.

لێرەدا ناچمە سەر ئەركی دەوڵەت، یان ئۆرگانەكانی دی بەرامبەر هەریەكە لەوانە، چونكە باسەكەم لە ڕاگەیاندنە و لەم بەشە و بەشەكانی داهاتووی نووسینەكەم باسی ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەكەم لە پاراستنی هەر یەكە لەو ناسنامە كەلتوورییانە، لەم بەشەشدا باسی ناسنامەی نیشتمانی دەكەین. بزانین كامە ڕاگەیاندن و چۆن ڕاگەیاندنێك و بە چ میكانیزمێك ئەركی پاراستن و دروستكردنی ئینتیمای نیشتمانی بۆ تاك فەراهەم دەكات؟ وەك وتمان لەسەر پارچە كاغەزێك كە لە گیرفانمانە، نیشتمانێك نووسراوە بۆمان، چۆن ئینتیما دروستكردن بۆی و بەناسنامەكردنی ئەو نیشتمانە لەلایەن ڕاگەیاندنەوە كاری بۆ دەكرێت؟ ئەڵبەتە كە باسی ڕاگەیاندن دەكەم، باسی ئەم ڕاگەیاندنانە ناكەم كە لەم هەرێمە پراكتیزە دەكرێن، باسی ئەو ڕاگەیاندنە دەكەم كە ڕاستەقینەیە و هی نیشتمانە و ئەركی پاراستنی ناسنامە جۆراوجۆرەكانی هاووڵاتی خراوەتە ئەستۆی. دەزانین لە وڵاتانی پێشكەوتوو و دیموكراسی، ڕاگەیاندن وەك ئۆرگانێكی نیشتمانی و ئامرازێكی پێدان و پاراستنی ناسنامەی كەلتووری بە تاك ئەژمار كراوە و، خراوەتە ڕیزی خزمەتگوزارییەكانی دیكەی وەك: ‹ئاو، كارەبا، ڕێگاوبان، قوتابخانە و نەخۆشخانە و.. هتد›، واتە حكومەت دەبێت ئەو ڕاگەیاندنە نیشتمانییە دابین بكات، بۆ هاووڵاتی و وەك تەكنیك پەخشەكەی بگاتە هەموو ماڵێك و ئەو ناوەڕۆكانەی بۆ دابین بكات كە خزمەت بە بەرژەوەندی و خواست و پێداویستییەكانی تاك و نیشتمان بكات. بۆیە بەم جۆرە ڕاگەیاندنانە دەوترێت «public Serve media»، واتە ‹میدیای خزمەتگوزایی گشتی› كە لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی دیموكراسی و پێشكەوتووەكان هەیە. كەناڵی ‹بی بی سی› پێی دەوترێت «دایكی پەخشە خزمەتگوزارییەكان» یان «مۆمی پەخشە خزمەتگوزارییەكان» كە لە سەرتای یەكەم ڕادیۆیەوە لە ساڵانی بیستەكانەوە، بەم فۆڕمە میدیا دەستی پێ كردووە و، بەردەوام ئەو ڕێچكەیەی بەرنەداوە. چونكە ئەوان باوەڕیان وایە و ڕاستیش وایە ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی هاووڵاتی و نیشتمانە، كەواتە دەبێت لە دەستی هاووڵاتی و نیشتمان بێت و، نابێت لای كەسی دی بێت. خۆ بەریتانیا وڵاتێكی هەژار نییە، بەڵام وەك پارەی ئاو و كارەبا، پارەی تەلەفزیۆنیش لە ماڵان دەسەنێت، ئەمە بۆ ئەوەی خەڵك خاوەنی میدیا بێت، بەشەكەی دیكەیشی سەرپەرشتیكردنی لە دەستی نیشمان بێت و پەرلەمان، یان ئۆرگانێكی نیشتمانی ئیدارەی بكات، دوور لە دەستتێوەردانی حزب و سەرمایەدارەكان.

ئەگەر باسی ئەركی پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی لەلایەن ڕاگەیاندنەوە بكەین، دەبێت لەوەوە دەست پێ بكەین، كە میدیا دەبێت بەردەوام پێمان بڵێت ئێمە خەڵكی كوێین؟ وڵاتەكەمان كامەیە؟ مێژووی، سەرمایە ئابووری و مرۆییەكی، شارستانیەتی. گرنگیی جوگرافیای، سرووشتی، پێكهاتەكانی، دانیشتووانەكەی، نۆڕمی ژیانی، كەلتووری چین، بۆ ئەوەی خۆشەویستی و وابەستەبوونمان بەو نیشتمانە مسۆگەر بێت، ئەگەر لەهەر كوێ بین. ڕەنگە هەموو جار كە ئەمە دەڵێین، یەكێك بڵێت: ئاخر دەوڵەتمان نییە، بۆیە ئەمانە دروست نابن. ئێمەش دەپرسین: خۆ هەرێمیكمان هەیە، لێی لەدایك بووین، تێیدا گەورە بووین، تێیدا دەژین، قوربانیمان بۆ داوە، هەزاران هەزار خەڵك لە پێناویدا گیانیان بەخشیوە و ئەزیەت و ئەشكەنجە دراون. ئایا بە هەموو ڕاگەیاندنەكانمان توانیویانە هەستی خۆشەویستیی ئەمە

**ئێمە نەك ڕاگەیاندنمان بەرهەمی بیانی نمایش دەكات، وردە وردە زانكۆ و قوتابخانەكانیشمان دەكەونە دەست هەر یەكەو دەوڵەتێكی بیانی و بە شانازییشەوە منداڵانمان لەوێ دادەنێین و بە پۆزیشەوە زۆر جار باسی دەكەین كە منداڵەكانمان كوردی نازانن، چونكە قوتابخانەكەیان زمانی كوردی نییە**

**لە وڵاتانی پێشكەوتوو و دیموكراسی، ڕاگەیاندن وەك ئۆرگانێكی نیشتمانی و ئامرازێكی پێدان و پاراستنی ناسنامەی كەلتووری بە تاك ئەژمار كراوە و، خراوەتە ڕیزی خزمەتگوزارییەكانی دیكەی وەك: ‹ئاو، كارەبا، ڕێگاوبان، قوتابخانە و نەخۆشخانە و.. هتد›**

**حكومەت دەبێت ئەو ڕاگەیاندنە نیشتمانییە دابین بكات، بۆ هاووڵاتی و وەك تەكنیك پەخشەكەی بگاتە هەموو ماڵێك و ئەو ناوەڕۆكانەی بۆ دابین بكات كە خزمەت بە بەرژەوەندی و خواست و پێداویستییەكانی تاك و نیشتمان بكات**

بۆ تاك دروست بكەن، یان مێژوومان پێ بناسێنن؟ یان شارستانیەتی نیشتمانەكەمان بۆ ڕوون بكەنەوە، سرووشتە جوانەكانیمان ڕۆژانە پیشان بدەن و، وامان لێ بكەن شانازی بە ناسنامەكەیەوە بكەین و، بڵێین كوردین و خەڵكی فلانە شوێنین؟؟ بە دڵنیاییەوە نا. ڕەنگە بۆ ئەمەش هەندێك هۆكاری دەرەكی، لە دەرەوەی خودی تاك هەبێت، ئەویش بە درێژایی مێژوویەك داگیركراوی ڕژێمیك بووین، كە بەردەوام هەوڵی داوە ناسنامە و ئینتیمای كوردستانیبوونمان بسڕێتەوە، سەردەمی حوكمڕانیی كوردیش ڕەنگە لە زۆر بواردا بە دڵی تاك نەبووبێت، هێشتا ئەو دادپەروەی و خۆشگوزەرانییە بەو شێوەیە نەهاتبێتە ئاراوە كە تاك هەست بەوە بكات ئەو و یەكێكی دیكەی ئەم نیشتمانە وەك یەكن و هەمان ماف و هەمان ئەژماریان هەیە. بەڵام ئەمە ناگاتە ئەوەی ڕاگەیاندن دەستەوەسان دابنیشێت لە بەرامبەر دروستنەكردنی ئەم ئینتیمایە. كچێكی هاوڕێی عەرەبم هەبوو لە بەریتانیا زۆر حەزی لە گۆرانیی ‹كازم ساهیر و سەعدون جابر› بوو، زۆر جار لەبەری خۆیەوە لە پاسدا كە دەچووین بۆ زانكۆ، یان لە پشووەكاندا بەشێكی دەوت، دەیوت: هەرچی گوێیان لێ دەگرم، دەمباتەوە كۆڵان بە كۆڵانی بەغدا و هەستی منداڵیم زیندوو دەكاتەوە. بۆچی؟ چونكە ئاواز و مۆسیقاكانی بەشێك بوون لە ناسنامەی عێراقی.

ڕاگەیاندن ژانری زۆرە، هونەری زۆرە، ئەگەر بیەوێت هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان دروست بكات. ئێمە زۆرتر ئاشناین بە گەڕەكانی كۆریا، توركیا، ئێران و سرووشتی ئەو وڵاتانە تا كوردستان، لە كاتێكدا جوانیی سرووشتی هیچ كام لەمانە ناگاتە سرووشتی كوردستان. كاتێك ڕاگەیاندن دار بەڕوویەك، شاخێكی كوردستان پیشان دەدات، وێنەیەكی نیشتمان پیشان دەدات، فۆلكلۆرێكی پیشان دەدات. ئاسەوارێكی كۆن و ناوچەیەكی مێژوویی و جوگرافی پیشان دەدات، كە دەیبینیت خۆشەویستیت بۆ دروست دەكات. هەروەها كاتێك گۆرانیەك بە ئاوازێكی فۆلكلۆر و بە مۆسیقایەكی میللی، بە هۆنراوەیەكی كۆنی شاعیرانی كوردەواری نمایش دەكرێت لە ڕاگەیاندن، هەستی مێژووی نیشتمانی كوردیمان بۆ دەگێڕێنێتەوە. ئێمە هەموو ڕۆژێك مێژوویەكی خۆمان دەسڕینەوە، تەلارێكی مێژوویی، یان خانوویەكی كۆنمان تێك دەدەین و بە دیزاینی نوێ، یان دیزانێكی بیانی دروستی دەكەینەوە! دەزانین ڕووخاندنی ئەمانە ڕووخاندنی یادەوەریی مێژووییمانە، جا كە ڕاگەیاندنیش نەبێت لە درامایەكدا، یان گۆرانییەكدا ئەم شوێنە مێژووییانە بپارێزێت و پیشانمان بداتەوە. یان گۆرانییەكی میللیمان دێنین بە میوزیكی نوێ، یان بیانی تۆماری دەكەینەوە، چیرۆكێكی كوردیی مێژوو دێنین لە كۆشك و تەلارێكی سەدەی ٢١ دەیگێڕینەوە. درامایەكمان نییە لە شوێنێكی مێژوویی، یان سرووشتێكی جوانی كوردستان تۆمار كرابێت، كە سرووشتی وڵاتمان پیشان بداتەوە، یان مێژوویەكمان بۆ بگێڕێتەوە. كارەسات ئەوەیی تۆماری هەندێك لە گۆرانیی كوردی كە بە حیساب كوردییە و ئاواز و میوزیكی كوردییە، چوونەتە دەرەوەی كوردستان تۆماریان كردووە، ئەوەش سرووشتی نیشتمانێكی دیكەمان پیشان دەدات. گرفتی گەورەشمان تەنیا نەبوونی میدیایەكی نیشتمانی كەلتووری نییە، بەڵكو نەبوونی بەرهەمی میدیای خۆماڵییە، كە ئەویش مافی دەوڵەتە دابینی بكات بۆ هاووڵاتی، تاكو ئەمانەش نەبن و ڕاگەیاندنمان نەبێتە جێگەی تۆماركردن و نمایشكردن و پیشاندانی سرووشتی جوگرافی، مێژوو، شارستانی، بایەخ و گرنگیی ئەم نیشتمانە دەر نەخات، بە كەرسە و ئاواز و میوزیك و كارەكتەر و هونەر و فەرهەنگی كوردی، ئەستەمە باسی خۆشویستنی نیشتمان و شانازیی بە ناسنامەی نیشتمانی بكەین و داوای بكەین لەتاك. دواجار تەنیا ناسنامە لەو پارچە كاغەزەدا دەمێنێتەوە كە زۆربەی حەزدەكات، وڵات بەجێ بهێڵێت و ئەویش فڕی دات و ناسنامەی نیشتمانیكی دی بخاتە گیرفانی و شانازیی پێوە بكات!

**بەریتانیا وڵاتێكی هەژار نییە، بەڵام وەک پارەی ئاو و كارەبا، پارەی تەلەفزیۆنیش لە ماڵان دەسەنێت**

**بە درێژای مێژوویەک داگیركراوی ڕژێمیک بووین، كە بەردەوام هەوڵی داوە ناسنامە و ئینتیمای كوردستانیبوونمان بسڕێتەوە**

**ڕاگەیاندن ژانری زۆرە، هونەری زۆرە، ئەگەر بیەوێت هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان دروست بكات. ئێمە زۆرتر ئاشناین بە گەڕەكانی كۆریا، توركیا، ئێران و سرووشتی ئەو وڵاتانە تا كوردستان، لە كاتێكدا جوانیی سرووشتی هیچ كام لەمانە ناگاتە سرووشتی كوردستان**